مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

# علاقات الكورد والأرمن وتأثيراتها على حركات التحرر الكوردية في شمال كوردستان مابين ١٩٢٥-١٩٣١

**م.م.صديق محمد صديق**

جامعة سوران / كلية الآداب / قسم التاريخ

البريد الإلكتروني Email : sediq.mohammed@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: كورد، أرمن، علاقات، ثورة.

**كيفية اقتباس البحث**

صديق، صديق محمد ، علاقات الكورد والأرمن وتأثيراتها على حركات التحرر الكوردية في شمال كوردستان مابين ١٩٢٥-١٩٣١،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، شباط ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٢ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# Kurdish-Armenian Relations and Their Impact on Kurdish Liberation Movements in Northern Kurdistan between 1925-1931

**Assistant Lecturer : Siddiq Mohammed Siddiq**
Soran University / Faculty of Arts / Department of History

**Keywords** : Kurds, Armenians, Relations, Revolution.

**How To Cite This Article**
Siddiq, Siddiq Mohammed, Kurdish-Armenian Relations and Their Impact on Kurdish Liberation Movements in Northern Kurdistan between 1925-1931,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, February 2026,Volume:16,Issue 2.

CC BY NC ND
**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

This research, titled "Kurdish-Armenian Relations and Their Impact on Kurdish Liberation Movements in Northern Kurdistan between 1925-1931," examines the relationship between Kurds and Armenians during this specific period. This era witnessed a phase of struggle, liberation, and national revolutions by numerous ethnic groups that were under the control of the Ottoman Empire, and subsequently the Republic of Turkey, after World War I. This presented an opportunity for both Kurds and Armenians to seek independence. On one hand, Woodrow Wilson's Fourteen Points advocated for the self-determination of occupied peoples. On the other hand, the Ottoman Empire was in its twilight years. This opportunity was seized by both nationalities at the Paris Peace Conference in 1919, leading to an agreement between Şerif Pasha and Boghos Nubar Pasha. As a result of this agreement, the Armenians were able to achieve their promises and assist Kurdish liberation movements in Northern Kurdistan.

In conclusion, this research reveals that throughout history, Kurdish-Armenian relations have been marked by continuous conflict, whether in calm or tense environments. Historically, it is unlikely for two neighboring nationalities to exist on a border without facing numerous problems and disagreements. These conflicts were not necessarily caused by one of the nationalities but could have resulted from external intervention, such as that of the Ottoman Empire, which benefited from the existence of such problems between Kurds and Armenians. Despite all challenges, both sides, thanks to some understanding and expert political figures, managed to overcome all crises and achieve peace.

This research utilized an analytical approach, relying on reliable historical sources, references, and historical documents, along with detailed studies and accurate analyses of all events to reach the desired facts and build a stronger relationship that could form the foundation for their independent states.

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (علاقات الكورد والأرمن وتأثيراتها على حركات التحرر الكوردية في شمال كوردستان مابين ١٩٢٥-١٩٣١)، يتناول البحث العلاقات بين الكورد والأرمن بين عامي ١٩٢٥-١٩٣١؛ تلك الفترة التي رافقت مرحل النضال والتحرر والثورات القومية من قبل الكثير من القوميات التي كانت تحت سيطرة الدولة العثمانية، وبعدها جمهورية تركيا، بعد الحرب العالمية الأولى هذه الفرصة التي سنحت للكورد الأرمن لطلب الاستقلال من جهة بسبب البنود الأربعة عشر ل(ولسن) الذي طالب بحق تقرير المصير للشعوب المحتلة، من جهة أخرى كانت الدولة العثمانية في نهاية حكمها، هذه الفرصة اغتمنت من قبل القوميتين في مؤتمر باريس ١٩١٩ ليتحول إلى أتفاقية بين شريف باشا و بوغوس نوبارباشا، ونتيجة هذه الاتفاقية تمكن الأرمن من تحقيق وعودهم، ومساعدة حركات التحرر الكوردية في شمال كوردستان.

في ختام هذا البحث تبين لنا أنه وعلى مدار التأريخ أن العلاقات الكوردية الأرمنية كانت في صراع مستمر سواء أكانت الأجواء هادئة أو مشحونة؛ لأنه وبحسب التاريخ لايمكن أن تكون قوميتان متجاورتانعلى الحدود دون ان يواجهوا العديد من المشاكل والخلافات، ويمكن ولاشترط أن تكون هذه النزاعات بسبب أحدى القوميتين بل من الممكن أن تكون الصراعات بتدخل من قوى خارجية؛ على سبيل المثال بتدخل الدولة العثمانية حيث كان من مصلحة العثمانين وجود هذه المشاكل بين الكورد والأرمن، ورغم كل ذلك تمكن القوتان بفضل بعض الشخصيات السياسية المتفهمة الخبيرة من تجاوز كل الأزمات وتحقيق السلام.

وقد تم الاستعانة في هذا البحث بالمنهج التحليلي اعتمادا على المصادر والمراجع التاريخية الموثوقة، والوثائق التاريخية، مع دراسة مفصلة وتحليلات دقيقة لكل الأحداث من أجل الوصول للحقائق المرجوة. وبناء علاقة أقوى تكون الأساس لبناء دولتهم المستقلة.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

# پەیوەندی کوردو ئەرمەن و کاریگەری لەسەر بزاڤی رزگاری خوازی کورد لە باکوری کوردستان 1925-1931

مامۆستای یاریدەدەر : صدیق محمد صدیق
زانکۆی سۆران / فاکەڵتی ئاداب / بەشی مێژوو

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی پەیوەندی کوردو ئەرمەن وکاریگەری لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستان 1925-1931 باس لە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن دەکات لەنێوان ساڵانی 1925-1931، کە ماوەکە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی خواست و شۆرشی نەتەوایەتی لەلایەن زۆرێک لە نەتەوە ژێر دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دواتریش کۆماری تورکیا، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم دەرفەتە بۆ کورد وئەرمەنەکان ڕەخسا بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆی بکەن لەلایەک بەهۆی 14 بەندەکەی ولسن کە داوای مافی چارەی خۆنوسینی بۆ گەلانی ژێردەستە دەکرد، لەلایەکی تر دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایەکانی تەمەندا بوو، ئەم دەرفەتانە لەلایەن هەردوو نەتەوەکەوە قۆسترانەوەو لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس 1919 بوون بە ڕێکەوتننامە لەنێوان شەریف پاشاو بوغوس نۆبار پاشا، لەئەنجامی ئەم ڕێکەوتنامەیەش ئەرمەنەکان توانیان پابەندی بەڵێنەکانی خۆیانبن و هاوکاریەکی تەواوی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بکەن لە باکوری کوردستان.
لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان بەدیار دەکەوێت بەدرێژای مێژوو پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لەململانێدا بووە بەڕووداوە خۆش وناخۆشەکانەوە، چونکە لەمێژوودا دوونەتەوەی هاوسنور مەحاڵە دووچاری ناخۆشی و نەهامەتی نەبووبنەوە بەڵام دەکرێت ئەوە بەخواستی خۆیان نەبوبێت ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی بەپێی قۆناغە جیاجیاکان بەسەر ئەم نەتەوەیەدا هاتوەو دەسەڵاتدارانی عوسمانیش سودیان لەم دەرفەتانە وەرگرتوەو درزیان خستۆتە پەیوەندیەکانیان. بەڵام بەهۆی کەسانی شارەزای سیاسی لەنێوان هەردولا توانیویانە ئاشتی وبرایەتی لەنێوان خۆیاندا بچەسپێن وپشت لەهەموو ئەو ناخۆشیانە بکەن کە بە سەریاندا هاتبوون.
لەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری مێژووی بەکار هاتوە بەپشت بەستن بە سەرچاوە مێژوویە باوەڕپێکراوەکان و کتێبە بەڵگەنامەیە مێژوویەکان، شیکاری تەواوی ڕوداوەکان کراوە بەپێی زنجیرەی ڕوداوەکان. بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستیەکان و دروسبونی پەیوەندیەکی بەهێزتر کە ببێتە بناغە بۆ بنیات نانی دەوڵەتی سەربەخۆیان.
وشە کلیلەکان( کورد، ئەرمەن، پەیوەندی، شۆرش)

**پێشەکی:**
دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان هەر گەڵ و نەتەوەیەک بەبێ هۆکار نیە، بۆیە دەکرێت هەموو پەیوەندیەک هۆکارو ئامانجی تایبەت بەخۆی هەبێت، پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەنیش بۆ ئەو تێکەڵاویە کولتور و فەرهەنگی و مێژووی و پێگە جوگرافیە دەگەرێتەوە کە لەنێوان هەردوو نەتەوەدا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو نەتەوەیە بەهۆی هاوسنوریان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی فارسی ئەوکات دووچاری نەهامەتی زۆر بوونەوە، ئەگەر ئەرمەنەکان لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و رووسیا بووبن بە دووبەش ئەوا کوردەکان لە ناوەراستی جەنگی یەکەمی جیهانی بەپێی پەیماننامەی سایکس بیکۆ 1916 بوون بەچوار بەش و بەسەر وڵاتانی دەوربەردا دابەشکران، بەڵام ئەم دابەشکاریە نەبووە لێک دوورکەوتنەوەو دەستە وەستانیان بۆمافە نەتەوەیاتیەکانیان، هەرچەندە قوناغ بەقوناغ گۆرانکاریان بەسەر

پەیوەندیەکاندا هاتوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان گیرو گرەفتەکانیان وەلا بنێن و لەماوەی ساڵانی 1919-1931 پەیوەندیەکانیان زیاتر پتەو بکەن، چونکە لەوماوەیەدا چەندین ڕێکەوتن لە نێوانیاندا هاتە کایەوە، بەنمونەی ڕێکەوتنی نێوان شەریف پاشاو بوغوز نوبار پاشا، دواتریش لەنێوان کۆمەڵەی خۆیبون و پارتی داشناق، ئەم ڕێکەوتنانە هەماهەنگی تەواوی هەردولایەنی دەستەبەرکرد بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستان.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە :** بریتیە لە دەرخستنی ئەو پەیوەندیە مێژوویەی کە لەنێوان کوردو ئەرمەن هەبووە، هەوەها بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرداریەی زلهێزەکانی ئەوکات بەتایبەتیش دەوڵەتی عوسمانی دەرهەق بەو دوو نەتەوەیە ئەنجامی داوە، چونکە هاوپەیمانیەتی کوردو ئەرمەن ڕێگربووە لە بەردەم داگیرکردنی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن عوسمانیەکان، لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم هەرێمانە لە کوردو ئەرمەن پێکدەهاتن.

**گرینگی توێژینەوە:** لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دوو نەتەوەی ژێر دەستە توانیویانە لە قۆناغ جیاوازیەکان پەیوەندیەکانیان یەکبخەن لە دژی دوژمنانیان، هەرچەندە لەهەندێک قۆناغدا ئەو پەیوەندیە بەرەو ئالۆزی ڕۆیشتوە بەپێی سروشتی ئەو ڕوداوانەی بەسەر هەردولایەندا هاتبوون، بەڵام بەگشتی بەدوای کۆنگرەی ئاشتی پاریس وڕێکەوتنی هەردولایەن پەیوەندیەکان چونە قۆناغێکی نوێتر هەروەها لەدواتردا ئەو پەیوەندیانە بوون بە بناغەیەک بۆیەکگرتنی هەر دوو کۆمەڵەی خۆیبون وپارتی تاشناق لەساڵی 1927 بێگومان گرینگی ئەم پەیوەندیانەش دواتر کاریگەری لەسەر بەخۆداچوونەوەی زلهێزەکان هەبووە بۆ ئەوەی ڕێز لەو دوو نەتەوەیە بگرن وحسابێکی جیاوازتر لە ماوەکانی پێشوو بۆ بکەن.

**ئامانج و پرسیاری توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی ڕاستیەکانە دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەهزری توێژەر گەڵاڵە دەبن دەربارەی توێژینەوەکە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە باسکردنی قۆناغە مێژوویەکانی پەیوەندی کوردو ئەرمەن وکاریگەری لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد هەروەها نیشاندانی هەوڵەکانی ئەرمەنە بۆ ئەوەی خۆی لەسەرانی کورد نزیک بکاتەوە و بەشداربێت لەو شۆرشانە کە لەماوەی ساڵانی 1925-1931 ڕویانداوە، هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە تێگەیشتن وشیکردنەوەی ئەو هۆکارانەیە کە بوون بەهۆی لێک نزیک بوونەوەی ئەو دوو نەتەوەیە، جگە لەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات شیکاری بکات چۆن ولەبەرچی ئەرمەنەکان خۆیان تێکەڵ کێشەی کورد کردوە؟ هەروەها کوردکان لەبەرچی ئەم پەیوەندیەیان قبوڵکرد؟ ئایا پەیوەندیەکەیان سەرکەوتنی بەدەست هێنا؟ ئایا ئەرمەنەکان پابەند بوون بەو بەڵێنانەی بەکوردیاندا لە بەشداریکردن لە شۆرشەکاندا؟ ئەمانەو چەندان پرسیاری تر لە ناوەرۆکی توێژینەوەدا وەڵام دراونەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاری مێژووی بەکارهاتووە بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژوویە باوەرپێکراوەکان وکتێبە بەڵگەنامەیە مێژوویەکان وبیرەوەریەکان، بەپێی زنجیرەی روداوەکان وجۆراو جۆریان جەختیان لەسەر کراوەتەوەو شەن وکەوی تەواوی ئەو ڕوداوانە کراوە بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتگیرتر بخەینە ڕوو لەپەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لەدەروازەو سێ تەوەرە ودەرئەنجام، لە دەروازەدا تیشک خراوەتە سەر قۆناغە مێژوویەکانی پەیوەندی کوردو ئەرمەن، کە لەکۆنەوە دەست پێدەکات تاکو ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تیشک خراوەتە سەر ئەم پەوەندیە لەدوانی نەمانی میرنشینە کوردیەکان 1850، دواتر قوناغ بەقۆناغ پەیوەندیەکان خراونەتەڕوو، لەدواتردا باسی ئەو پەیوەندیە دەکرێت کە پارتی تاشناق هەوڵەکانیان خستۆتە گەر بۆ خۆنزیک کردنەوە لە کورد، هەروەها پەیمان بەستن لەنێوان

سەرکردایەتی کورد وسەرکردایەتی ئەرمەنەکان لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس 1919 باسی لەبارەوە کراوە، ئەوەی تایبەتە بە تەوەرەی یەکەم، بریتیە لە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن و بەشداری ئەرمەنەکان لەشۆرشی شێخ سەعیدی پیران 1925 بێگومان پەیوەندیەکانی پێشوتری هەردولایەن کاریگەری هەبوە لەسەر بەشداری ئەرمەنەکان لەم شۆرشە، تەوەرەی دووەم باسلە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن وگاریگەری لەسەر دروست بوونی کۆمەڵەی خۆیبوون دەکات لەساڵی 1927 لەم قۆناغەدا کورد وئەرمەن هەولەکانیان بەتەواوەتی لە ڕێکەوتنێک چردەکەنەوە بۆ سەرهەڵدانی شۆرشێکی هابەش دژی دەسەڵاتدارانی تورکیا، هەرچی تەوەرەی سێیەمە تایبەتە بەپەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن لە شۆرشی ئارارات 1927-1931، بێگومان لەم تەوەرەیەدا جێپەنجەی ئەرمەنەکان بەتەواوتی دیاردەبێت ورۆڵێکی گاریگەر بەتوانا ماددی ومەعنەویەکانیان دەبینن لە شۆرشەکەدا.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەی جۆراوجۆر لەکتێب وگۆڤار بە زمانەکانی کوردی عەرەبی فارسی بەکار هاتوون، سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لە کتێبەکان بەتایبەتی کتێبە بەڵگەنامەیەکان لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، فارسی وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی. ئەم سەرچاوانە زانیاری ورد وباشیان لەسەر توێژینەوەکەی ئێمە لەخۆ گرتوە، بۆنمونە هەریەکە لە کتێبەکانی کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، نوسەر دکتۆر عوسمان عەلی، کۆمەڵە وڕێکخراوە کوردیەکان لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا، نوسەر دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کورد لە تورکیا شۆرشەکانی شێخ سەعید وئاگری ودێرسیم، نوسەر بیلال، ن، شمشیر وچەندانی تر، زانیاری زۆرباش لەخۆدەگرن چونکە بەپێی بەڵگەنامەکان باس لەرووداوەکان دەکەن و پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن دەخەنە ڕوو، هەروەها کتێبەکانی ئەرمەنۆ ساید سەدەیەک لە پەیوەندەکانی کوردو ئەرمەن، نوسەر مامەند رۆژە، کورد وئەرمەن پەیوەندیە مێژوویەکان، نوسەر فارس عوسمان، پەیوەندی کورد وئەرمەن بێتاوانی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەن، نوسەر ئارام مەجید شەمێرانی، هەروەها کتێبی داشناک-خۆیبون نگاهی بە هم پیمانی ارمنی ها وکردها در شۆرش ارارات، نوسەران جهانگیر اندجانی وکارو ساسونی، وەکتێبی محمد ملا أحمد، جمعية خويبون جمعية الاستقلال الكردية 1927-1946والعلاقات الكردية الأرمنية، سعيد رزق حجاج، الأكراد والأرمن في العصر الحميدى. بایەخی ئەم سەرچاوانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پەیوەندی ڕاستەخۆیان بەبابەتەکەی ئێمەوە هەیە، زانیاری ورد وزانستی دەربارەی کورد وئەرمەن باس دەکەن، ئەمە جگە لە کۆمەڵە کتێبێکی تر کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە. هەروەها ئەو کتێبانەی بە زمانی کوردی ئاماژەیان پێکراوە، زۆرێکیان لە زمانی ئینگلیزی، فارسی، روسی وتورکی وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی.

**گرفتەکانی توێژینەوە:** یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە بەدەست ڕانەگەیشتنی بەڵگەنامەی پێویست بوو بۆ ئەم توێژینەوەیە بەتایبەت بەڵگەنامەی ئەرمەنی، بەلام بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشایە سود لە گۆڤار وڕۆژنامەکانیان وەرگیراوە کە لە کتێبەکان باسیان لێوە کراوە، سەرەرای ئەوەی سودێکی زۆر لە بەڵگەنامە بەریتانی وفەرەنسی وئێرانی وەرگیراوە بەپێی ئەو کتێبە بەڵگەنامەیانەی لەبەردەستدا بوون، چونکە لەرێگەی ئەو بەڵگەنامانەوە توێژینەوەکە بەرگێکی تری کراوەتەبەر. بەو ئامانجەی توێژینەوەیەکی پوخت و زانستیانە بەدەست بهێندرێت.

**دەروازە/ قۆناغە مێژوویەکانی پەیوەندی کوردو ئەرمەن**

کوردو ئەرمەن لەدێرزەمانەوە وەک دراوسێ ژیاون و پەیوەندیەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە، بەڵام بەتێپەربوونی کات لەنێوان ئیمپراتۆریەکانی ئەوکات دابەش کراون( أحمد، 2001، 371),

چونکە لەکۆنەوە ئەرمەنەکان بەشێک بوون لە شانشینی رۆم دواتر کەوتنە ژێر دەسەڵاتی فارسەکان بەمەش لەنێوان دەوڵەتی ساسانی و بێزەنتی دابەش بوون، لەسەرەتای سەدەی هەشتەمی زاییینیش ئەرمینیا بەشێک بووە لە دەوڵەتی ئیسلامی، هەربۆیەش مێژووی کوردەکان وئەرمەنەکان لە چوارچێوەی ئەو ڕوداوانەی بەسەریاندا هاتوە لەیەک دەچێت، هەر ئەمەش وایکردوە پەیوەندیەکی پتەو لەنێوانیاندا دروست بێت. هەروەها لە ڕووی جوگرافیاوە ئەم دوو نەتەوەیە هاوسێ بوونەو بەشێک بوون لە دەوڵەتی ئیسلامی تاکو ململانێی عوسمانی و سەفەویەکان بە ئازادی ژیاون(حجاج،1991، 107-108)

هەروەک چۆن کوردەکان لە دوای جەنگی چالدێران لەساڵی 1514 لەنێوان عوسمانی و سەفەویەکان دابەش بوون بەهەمان شێوەش ئەرمەنەکان لەساڵی 1600 لەنێوان عوسمانی و ڕووسەکان بوون بەدووبەش(أحمد،2001،371) لە سەرچاوەکاندا ڕوون بۆتەوە بەدرێژای ماوەی فەرمانرەوایەتی عوسمانیەکان وسەفەویەکان تەنانەت ڕوسەکانیش بەردەوام هەوڵیانداوە هەستی ئاییینی کورد بەرامبەر ئەرمەن بۆ سودو قازانجی خۆیان بەکار بهێنن،(هاوار،1990، 323).

سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کاتێک میر بەدرخان پاشا (1803-1869)دەسەڵاتی وەرگرت ناوبراو هانی کوردەکانی داوە بۆ ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەرمەنەکان، هەربۆیە ڕۆژهەڵات ناسی ئەڵمانی جۆهانس لیبسیۆس کە لەوماوەیەدا سەردانی ئەوناوچانەی کردوە کە کوردو ئەرمەن تیایدا نیشتەجێبوون، دەڵێت:"دۆستایەتی و پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن ئەوەندە خۆش و تەبا بوون گەیشتبووە ئاستی ژن وژنخوازی بەجۆرێک تێکەلاوی یەکتر ببوون جیاوازی نەدەکرا لەنێوانیان هەروەها ئەرمەنەکان لەلای میر ڕێز وپایەیەکی تایبەتیان هەبوو تەنانەت بەچاوی کورد سەیر کراون(عوسمان،2010، 36)؛(شەمیرانی،2014، 15-16).

لەدوای ئەم ڕوداوانە قۆناغێکی تر لە پەیوەندی کوردو ئەرمەن دێتە ئاراوە، ئەویش بەشداری ئەرمەنەکانە لە شۆرش و ڕاپەرینەکانی کورد لەدوای نەمانی میرنشینە کوردیەکان، هەرچەندە ئەم پەیوەندیانە ماوە ماوە ناکۆکیان تێکەوتوە بەڵام بە زیرەکی هەردوو لایەن پەیوەندیە کە کەوتۆتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی، بەنمونەی ڕاپەیرنەکەی یەزدان شێر کە لەدوای جەنگی قرم 1853-1856 سەریهەڵدا ئەرمەنەکان هاوکاری سەرانی کوردیان کردوە. بەڵام دوای دەرچوونی دەستووری نیشتمانی لەلایەن سوڵتان عبدالعزیز(1851-1863)دەسەڵاتی ئەرمەنەکان لەدەوڵەتی عوسمانی زۆر زیادی کرد، بەجۆرێک دەستورەکە بووە هۆی زیاتر لێک نزیک بوونەوەی ئەرمەن و تورک، لەبەرامبەردا پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئەرمەن و تورک زیارتر لەیەک ترازا تاکو جەنگی عوسمانی و ڕووسی 1877-1878(عوسمان،2010، 36)؛(تۆفیق،2012، 73-75).

دوا بەدوای جەنگی نێوان عوسمانی و ڕووسەکان لەنێوان ساڵانی 1877-1878زیانێکی زۆر لەڕووی ئابووری کۆمەڵایەتی بەر کورد کەوت(یانۆڤ،2004، 171) لەدەرئەنجامی ئەم جەنگەش هەردوو پەیمانی سان ستیڤانۆ وبەرلین واژۆ کران بەپێی پەیمانەکان ڕوسیای سەرکەوتوو مەرجەکانی خۆی بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا سەپاند، ئەوەی تایبەت بوو بە داخوازیەکانی ئەرمەن وکورد کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانیان دروستکرد بریتی بوو لەپێداگری (نەرسین پەتریاکی ئەرمەن), چونکە خۆی سەردانی دەسەڵاتدارانی ڕووسیای کرد لە سان ستیڤانۆ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەرمەن، لەبەرامبەردا ڕووسیا بەهۆی هاوکاری ئەرمەنەکان بۆ وڵاتەکەیان ودژایەتی ئەرمەنەکان لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی لەبەندی 16 پەیمانەکە بڕیاریدا دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوبەری لەباکوری کوردستان بۆ ئەرمەنەکان پێک بهێندرێت وئاسایش وپاراستنی گیانیان وسامانیان لە چەرکەس وکورد دەستەبەر بکات،

ئەمەش پەیوەندیەکانی هەردوولایەنی بەرەو ئاڵۆزی برد(حەمەباقی،2022، 32-33)، لەم چوارچێوەیەدا د. فەهاد پیربال لە وتارێکدا لەژێر ناونیشانی ئەرمەن وکورد ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پەیمانەکانی سان ستیڤان و بەرلین حوکمی خۆبەڕەوبەری بە ئەرمەنەکان بەخشی بەتایبەت دوای ئەوەی ڕووسەکان بە ئاواتەکانیان گەیشتن وبە تەواوەتی دەستیان بەسەر ناوچەی قەوقازدا گرت (پیربال،2011، 178)بەمەش کوردەکان ترسێکی زۆریان لا دروست بوو بەوەی کە دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەسەر خاکو بەرژەوەندیەکانی کورد لە کوردستان دادەمەزرێت، ئەم ترس ودڵەڕاوکێیە بەهاتنی قونسوڵگەری وڵاتانی بیانی بۆناوچەکە زیاتر دەبێت، بۆیە کلایتۆن جێگری کونسوڵی بەریتانیا لە وان دەڵێت:"بەهاتنی کونسوڵگەری ئەوروپیەکان بۆ وان داچلەکینێکی توند لای کورد سەری هەڵدا..." لەبەرامبەردا ئەرمەنەکان لەوپەری شادومانیدا بوون چونکە لایان وابوو ئینگلیزەکان پشتوانیان دەکەن، هەروەها ئەرمەنەکان کەوتبوونە سکاڵا کردن لەدەسەڵاتدارانی کورد بەئامانجی دورخستنەوەی سەرۆک وعەشیرەتە کوردەکان لە ناوچەکانیان، سەرچاوەکان باس دەکەن کە هەندێک لە پیاوە کوردەکانی دیاربەکر بەهۆی ئەو سکاڵایانەوە ئاوارەی ئەڵمانیا بوونە، ئەم هەڵسوکەوتانەی ئەرمەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەراسان کردبوو، بۆیە عوسمانیەکان بڕیاریاندا سنورێک بۆ ئەرمەنەکان دابندرێت، ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو عوسمانیەکان کوردیان لە ئەرمەن پێ باشتربێ بەڵکو لەبەرامبەر خۆتێهەڵقورتانی ئەرمەنەکان بوو لە کاروبارەکانیان(حەمەباقی،2022، 40-42).

دەتوانین بڵێین جەنگی ڕووسی عوسمانی و دواتریش پەیماننامەی سان ستیڤانۆ و بەرلین 1877-1878 قۆناغی لێک دورکەوتنەوەی هەردوو نەتەوەی کوردوو ئەرمەن بوو، بەڵام بەهاتنی ساڵی 1880 و سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ودروست بوونی پارتی تاشناق1890 دووبارە پەیوەندیەکان بنیات نرانەوە وبوونە بناغە بۆ شۆڕش وڕاپەرینی دەیەکانی دووەم و سێیەمی سەدەی بیست.

هەروەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لەدوای نەمانی میرنشینە کوردیەکان بۆشایەکی سیاسی لە ناوچە کوردیەکان دروست بوو ئەمەش دەرفەتی لەبەردەم میرو شێخە کوردەکان والاکرد بۆ ئەوەی دەسەڵات وەربگرن و سود لەو پێگە ئایینیە ببین کە ژمارەیەکی زۆر چەکدار لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش شێخەکانی نەهری توانیان لەسەر کەلاوەی میرنشینی بۆتان دەسەڵات وەربگرنەوە و ئەو بۆشایە سیاسیە تارادەیەک پڕبکەنەوە کە لەو ماوەیەدا هەبوو(عەبدوڵڵا،2004،18-20) لەم بارودۆخەدا شێخ عوبەیدوڵڵا(1830-1883) وەک کەسایەتیەکی ئایینی بەدیار کەوت و لەساڵی 1879 لە بانگەوازێدا سەرۆک هۆزەکانی کۆ کردەوە بە ئامانج بەستنی کۆنگرەیەک لە ناوچەی هەکاری بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای کورد. (بوروزی،2005،70) لەهەمان کاتدا شێخ لەڕێگەی چەند کەسایەتیەکی کوردەوە هەوڵیدا پەیوەندی بە مارشەمعوون(1887-1918) کەسایەتی ئایینی ودنیای ئاشوریەکان بکات بۆ ئەوەی یارمەتی کوردەکان بدەن بەڵام پەیوەندیەکە نەگەیشتە ئەو ئاستەی هەماهەنگی تەواو لەنێوانیاندا هەبێت، چونکە تورکەکان وئینگلیز ئاگری دوژمنایەتی نێوانیان خۆشدەکرد، هەرچۆنێک بێت شێخ توانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەرمەن ڕێکبخات بەتایبەتیش دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەوڵیاندەدا ئەو پەیوەندیە نەمێنێت(حجاج، 1991، 57-68)؛(لازاریف، 2008، 242). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ لەساڵی 1882 لەیەکێک لە کلێساکانی ئەرمەن لەناوچەی وان لەگەڵ ئەرمەنەکان کۆدەبێتەوە وباسی دۆستایەتی کورد وئەرمەنەکانیان بۆ دەکات هەروەها ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە لەئێستادا پێویستە ئەو پەیوەندیە هەر بەردەوام بێت وئەرمەنەکانیش چاوپۆشی لەو هەڵانە بکەن کە کوردەکان لەپاڵ عوسمانیەکان ئەنجامیان داوە(حجاج، 1991، 112).


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ماوەی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(1876-1909) ماوەیەکی کارەسات بارە بۆ مێژووی پەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن چونکە لەوماوەیەدا سوپای حەمیدیە لەسەر دەستی سوڵتانی ناوبراو پێکهات وبەشێک لە کوردەکات تیایدا بەشدار بوون، هەروەک دکتۆر عوسمان عەلی لە کتێبەکەی بزاڤی هاوچەرخی کورد پشت بە بیروڕای مێژوونوس لازاریف دەبەستێت و دەڵێت:"لازاریف بڕوای وایە سووربوونی سوڵتان لەسەر دامەزراندنی سوپای حەمیدیە ئامانجی خۆدزینەوە بووە لە بەندی 16 پەیمانی سان ستیڤانۆو بەرلین 1878... کە ئامانج لێی خۆبەڕێوەبەری بوو بۆ ئەرمەن..."(عەلی،2010، 162) بەڵام محمد رەسوول هاوار لە کتێبەکەی کورد وباکوری کوردستان دەڵێت:"هۆکاری پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە بریتییە لە چەوساندنەوەی کەمە ئایینیەکان کە دژی حکومەت دەجوڵانەوە بەتایبەت ئەرمەنەکان...لەڕێگەی ئەم سوپایەوە لەنێوان ساڵانی 1894-1896 ژمارەیەکی زۆر ئەرمەنیان لەناوبرد".(هاوار، 2006، 404) ڕووداوەکانی ساڵانی 1894-1896 وایان لە ئەرمەنەکان کرد شۆرش وڕاپەرین دژی سوڵتان ئەنجام بدەن، چونکە بەهۆی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی ئەوڕوپاو میسر و ئێران بوو، هەرئەمەش وایکرد پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن بەرەو خراپی بچێت و هەوڵی تۆڵە کردنەوە لەکورد بدە. (حجاج،1991، 103-104)

لەدوای جینۆسایدی ئەرمەنەکات تاوەکو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی وتەنانەت دواتریش پەوەندیەکانی کورد وئەرمەن بەدروست بوونی پارتی تاشناق[1] وپەیوەندی ئەم پارتە بەسەرانی کورد بە قۆناغێکی نوێ دادەندرێت، ئەگەر لەماوەکانی پێشودا کورد خۆی لە ئەرمەن نزیک کردبێتەوە ئەوا لەدوای ئەو ماوەیە پارتی تاشناق هەوڵی بەهێزکردنی ئەم پەیوەندیەی داوە وزیاتر لە کود نزک بوونەتەوە، ئەمەش دەکرێت لەبەر ئەوەبێت متمانەیان بە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نەمابوو.

لەساڵی 1890 پارتێکی ئەرمەنی بەناوی تاشناق دامەزرا، ئامانجیان بەدەست هێنانی خۆبەڕێوبەری بوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەرمەنەکان دڵنیابوون سوڵتانی عوسمانی بەڵێنەکان جێبەجێ ناکات بۆیە هەوڵیاندا پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تر بەهێز بکەن، لەم چوارچێوەیەشدا کوردەکان لەپێشینەی نەتەوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، لەلایەک بەهۆی ئەو پەیوەندیە مێژوویەی کە هەیان بووە، لەلاکەی تر کوردەکان هاوشێوەی ئەرمەنەکان تووشی نەهامەتی وچەوسانەوە ببوون لەسەردەستی عوسمانیەکان، بەهاتنی ساڵی 1898 دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە 22 نیسانی هەمان ساڵ کە ڕۆژنامەی کوردستانە ڕۆڵێکی باشی گێرا لە پتەوکردنی ئەو پەیوەندیە، چونکە کوردو ئەرمەن لەڕێگەی ئەو ڕۆژنامەیەوە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە ئەشکەنجەو ئازاری ژێر دەستەی تورک هاوبەشن، هەروەها گۆڤاری ڕۆژی کورد و ڕۆژنامەی جاماناکی ئەرمەنیش ڕۆلێکی جەوهەریان بینی لەوروژاندنی پرسی کورد وئەرمەن وپەیوەندیەکانی نێوانیان(پیربال، 2011، 185-189)سەرەڕای ئەو گۆڤار وڕۆژنامانە گۆڤاری ئاراراتی ئەرمەنی لە ژمارە 3 ساڵی 1913لە لاپەرە 87 باس لەوە دەکات، لەدوای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئێتحاد وتەرەقی کوردەکان بۆیان دەرکەوتبوو ئەم دەسەڵاتە نوێیە مافەکانی کورد پێشێل دەکات(هاوار، 2006، 368). هەر لەم چوارچێوەیدا پارتی تاشناق پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ کۆمەڵێک سەرۆک هۆز دروست کرد لەوانە ئیبراهیم پاشای میللی، هەریەک لە هۆزەکانی سلێڤان، حەسنان وحەیدەران...هتد، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە قاسم بەگ لەساڵی 1907 وەک کوردێک پەیوەندی بە پارتی ئەرمەنیەوە کردوە(پیربال،2011، 187) هەروەها لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ئێتحادیەکان بۆ ئەوەی کەمە نەتەوایەتیەکان بەتەواوی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان

هەستان بە کوشتارێکی گەورە لە کوردو ئەرمەن، سەرەرای ئەوەش ئیتحادیەکان سیخورەکانی خۆیان دەنارده کوردستان بەمەبەستی ئاژاوە نانەوە لەنێوانیان(بۆرکای،2008، 517-518).
لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو ساڵی 1924 قۆناغێکی تر لە پەیوەندیەکانی کوردوو ئەرمەن دروست دەبێت، دەست پێدەکات بە کۆنگرەی ئاشتی پاریس 1919 درێژدەبێتەوە بۆ پەیماننامەی سیڤەر و دواتریش پەیماننامەی لۆزان، ئەوەی تایبەتە بە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس شەریف پاشا وەک نوێنەری کوردەکان بەشدار دەبێت، نوێنەری ئەرمەنیش بوغوس نوبار پاشا بوو، بەهاتنی هەردوو شاندەکە بۆ پاریس دووبارە دەرفەت لەبەردەم ئەم دوو نەتەوەیە دەرەخسێت بۆئەوەی پەیوەندیەکانیان زیاتر پتەو بکەن وبریاریاندا لەمەسەلە هاوبەشەکاندا یەک وتەیان هەبێت بەبێ جیاوازی ولێک دورکەوتنەوە، ئەمەش ڕۆژنامەکانی تورکیای هەراسان کرد وهێرشیان کردە سەر هەردوولایەن وبە تێکدەر ناویان هێنان(یامولکی،1999، 29)؛(سافراستیان،2005، 117) هەروەها دکتۆر فەرهاد پیربال لە کتێبەکەی بە ناونیشانی ژەنەراڵ شەریف پاشا جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە لە 12/20/ 1919 ڕێکەوتنێکی دوو قۆلی لەنێوان بۆغوس نۆبار پاشا وشەریف پاشا مۆرکراوە بەپێی ڕێکەوتنەکە نوێنەرە کوردەکە دەستی لەچەند شارێکی کوردی هەڵگرت بۆ ئەرمەنەکان(پیربال،2001، 26) محمد ملا احمدیش لە کتێبەکەی جمعیة خويبون دەقی ئەو ڕێکەوتنەی بڵاو کردۆتەوە کە لەنێوان هەردوولا واژوو کراوە کە تیایدا هاتوە، ئێمەی نوێنەری کوردو ئەرمەن داوای سەربەخۆی تەواو دەکەین بۆ نەتەوەکانمان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەپێی پرەنسیپی مافی گەلان...(أحمد،2000، 148-149) ئەوەی جێگەی سەرنجە دوای چەند مانگێک لە ڕێکەوتنەکە نوێنەری بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ نامەیەکی بۆ وەزی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردوە لە لەندەن بەژمارە 306م/ 2070 لە ڕێکەوتی 1920/3/2 تیایدا ئاماژەی بەوە کردوە کە کوردەکان بە ڕێکەوتنەکە دڵخۆشن، بەڵام بەشێکیان دژایەتی ڕێکەوتنەکە دەکەن وشەریف پاشا بە داردەستی تورک لەقەڵەم دەدەن... (عەلی،2013، 124).
هەر لەچوارچێوەی کۆنگرەی ئاشتی پاریس پەیماننامەی سیڤەر 1920 گەڵاڵە بوو، بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کە پێشوتر لەنێوان نوێنەری کوردو ئەرمەن هەبوو، هەردوو لایەن یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە بەرزکردەو و مەرجی ئەوە داندرابوو کە دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەپاڵ دەوڵەتی کوردستان پێک بهێندرێت هەروەک لە بەندەکانی 62، 63، 64 ئەو مافە بەکورد درابوو. (پاشا،2007، 66) لەو چوارچێوەیەدا نوورەددین زازا لە بیرەوەریەکانیدا نوسیویەتی کاتێک ناسیۆنالیستە کوردەکان ئامادەی خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ئەرمەنەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی دەوڵەتێکی کوردی... مستەفا کەمال پاشا کەوتە خۆ وئەو پەیوەندیەی بە خیانەت داناو ئامادەی دەربری بۆ دانی ئۆتۆنۆمی بە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیای نوێ. دور لە دەست تێوەردانی دەرەکی(زازا،2008، 17-18) سەرەنجام کوردەکان باوەریان بە مستەفا کەمال کردوو لەجەنگەکانی جۆرجیا وئەرمینیا ویۆنان... بەشدار بوون، تا ئەوکاتەی ناوبراو پێگەی خۆی قایمکرد وبەیارمەتی کوردان بەگژ ئەرمەندا چوو، دواتر پەیمانی سیڤەری بە لۆزان 1923 گۆری وئەو ئاواتەی هەبوو بۆ کوردان لەبەین چوو، یەکێک لە پەرچە کردارەکانی کورد بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی مستەفا کەمال شۆرشی شێخ سەعیدی پیران بوو لەساڵی 1925(ڕۆژە،2008، 158-159).
دەرئەنجامی ئەم پەیوەندیە مێژوویەی کورد وئەرمەن ئەگەر پەیوەندیەکی خۆرسک یاخود دۆخێکی تایبەت بوبێت، ئەوا ئەم پەیوەندیە لەسەرەتای سەدەی بیستەم بووە پەیوەندیەکی سیاسی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

بەتین، بەتایبەت دوای ئەوەی بزوتنەوەی سیاسی کورد وئەرمەن پێشوەچوونی بەخۆیەوە ببینی لەچوارچێوەی پارتی داشناق وکۆمەڵەی خۆیبوون.

## تەوەرەی یەکەم/ پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لە چوارچێوەی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران 1925:

بەشێک لە کوردانی باکور هیوای خۆیان خستبوە سەر مستەفا کەمال پاشا، چونکە پێیان وابوو ناوبراو دەتوانێت مافە نەتەوایەتیەکانیان بۆ دەستەبەر بکات بەتایبەتیش دوای ئەوەی کۆمەڵێک بەڵێنی بەکوردەکان دا، لەبەرامبەردا کوردەکان بەشداریەکی چالاکانەیان لە جەنگی رزگاری تورکیدا کرد(پاشا،2007، 96)، بەڵام بەڵێنەکانی نەبردە سەر ومافەکانی کورد لە پەیماننامەکانی سیڤەر ولۆزان سەبارەت بەکورد بوون بە مەرەکەبی سەر کاغەز، تەنانەت کەوتە گیانی کوردەکان و هەرچی ناوەندی زمان وکلتوری هەبوون داخران، هەروەها ڕێگریان لە پێشکەوتنی لایەنی ئابووری کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی کوردستان دەکرد وئەفسەرو فەرمانبەر وسیاسیەکانی کوردیان دەست بەسەرکرد وبۆ ناوچە دورە دەستەکانی تورکیا دوریان خستنەوە(شەمزینی،2006، 165).

ئەم ڕوداوانە وای لەسەرانی کورد کرد دژ بە دەسەڵاتی نوێی تورکیا دەست بە بزاڤی سیاسی بکەن، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەی ئازادی 1923 کە بە دەست پێشخەری خالد بەگ جوبرانلی(شاویسی،1961،20) دامەزرابوو دەستیانکرد بە بزاڤێک لەناوچەی هەکاری بەناوی بزاڤی بیت ولشەباب ئەم بزاڤەش لەلایەن سەرکردەی کورد ئیحسان نوری پاشا[2] سەرکردایەتی کراوە، بەڵام دوای هەوڵ وتەقەلایەکی زۆر بزاڤەکە سەرکوت دەکرێت(فتح الله،2012، 27) خالد بەگ ویووسف زیا بە دیل دەگیرێن، بەمەش ئەرکی سەرپەرشتی کۆمەڵەی ئازادی دەکەوێتە سەر شانی شێخ سەعید، لەلای خۆیەوە شێخ بریاردەدات دووبارە دەست بە شۆرش بکاتەوە لە ئاداری 1925(ولسن، 1999، 153-155)؛(بەیات،2009، 27).

هەروەک دکتۆر عبدالرحمن قاسملۆ دەنوسێت کەیەکێک لە پەرچەکرداره بەهێزەکانی کوردان لەدژی کۆماری مستەفا کەمال شۆرشی سالی 1925 شێخ سەعیدی پیران بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا سەرکوت کرا(قاسملو،2007، 57). هەرچۆنێک بێت شێخ دەستی کرد بەگەران لە ناوچە کوردیەکان تاکو یارمەتی و هاوکاری بۆ شۆرشەکەی کۆبکاتەوە، بۆئەم مەبەستەش ڕووی لە ناوچەی هۆزەکانی زازا کرد وبەڵێنی هاوکاری لێوەرگرتن، لەوکاتدابوو کە سەرۆکی جەندرمەی تورک بەبێ ئەوەی حساب بۆ شێخ بکات هەوڵدەدات بەزەبری هێز چەند کەسێک لە یاوەرانی شێخ دەست گیر بکات، بۆیە دەبێتە دەمەقاڵێ و چەند سەربازێکی تورک دەکوژرێن، ئەمەش وا لە شێخ دەکات بریاربدات بەرەو ناوچەی داراهین بچێت کە شوێنێکی لەباربووە بۆ خۆ ئامادەکردن، تا ئەوکاتیش شێخ باوەری بە دەسپێکردنی شۆرش نەبووە(حمید،2009، 122)؛(عەلی، 2010، 121).

هەرچۆنێک بێت شۆرشە لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، ئابوری، ئایینی هەڵگیرسا. (البوتانی،1999، 120-121) بەتایبەت هۆکاری سێیەمیان چونکە بەپێی یەکێک لە بەڵگەنامە فەرەنسیەکان ژمارە 5 لە 25 شوباتی 1925 باسی ئەوەی کردوە کە شۆرشەکەی شێخ سەعید لەلایەن مامۆستایانی ئاینییەوە پشتوانی لێکراوە وبانگی جیهادیان دژی حکومەتی ئەنقەرە ڕاگەیاندوە(عبدوڵلا،2013، 69-70) بەهەر جۆرێک بێت شۆرشەکە لەوادەی خۆی دەستی پێنەکرد، شۆرشەکە نزیکەی دوو مانگێک بەردەوامی هەبوو، لەدوای ئەو ماوەیە شۆرشەکە بەدەستگیرکردنی شێخ سەعید وزۆربەی لایەنگرانی کۆتایی پێهات(شێرکۆ،1393، 123).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

ئەوەی زیاتر لەلای ئێمە مەبەستە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەنە لە شۆرشی شێخ سەعیدی پیران 1925، زۆرێک لە سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە لەم شۆرشەدا ئەرمەنەکان بەشداریان کردوە لەوانە سەرۆک هۆزی بۆتیان کە ناوی عمر فارۆق بووە وبە فارۆک ئەرمەنی بانگیان کردوە وئەرمەن بووە.(پیران،2010، 129) ئەو یارمەتیدانەی ئەرمەنەکان لەوکاتدا لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە توندو تیژە بووە کە تورکە کەمالیەکان لەدژی کورد وئەرمەنەکان دەیانگرتە بەر، هەر لەو کاتانەشدا بوو کە شێخ پێشبینی ئەوەی کردبوو هەوڵی نائارامی وپەشێوی دەدەن بۆ ئەوەی درز بخەنە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە، بەڵام بە پێچەوانەی هەوڵی تورکەکان، ئەرمەنەکان هاوکاری شێخیان کردە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ(شەمێرانی، 2014، 63) پرۆفیسۆر حەسرەتیان لە کتێبەکەی راپەرینی کوردان 1925 پشتراستی ئەوە دەکاتەوە کە تورکەکان هەوڵیانداوە پەیوەندی کورد وئەرمەن تێکبدەن، لەلایەکی تر حەسرەتیان ئاماژە بە رۆژنامەی حاکمیەتی میللی دەکات وتیایدا نوسرابوو نەک تەنها ئاشوریەکان بەڵکو ئەرمەنەکانیش چووبونە پاڵ کوردە راپەریوەکان، بەئامانجی دروست بوونی ئەرمینیایەکی سەربەخۆی یەککرتوو لەگەڵ کوردستان، هەمان نوسەر لە درێژەی باسەکەیدا وتویەتی جگە لەئەرمەن ئاشوریەکان وچەرکەسەکانیش بەژمارەیەکی کەم شان بەشانی کوردان بەشدابوون لەشۆرش، ئەمەش ئەومانایە دەگەیەنێت کە ئەو کەمایەتیانە لە سیاسەتی تواندنەوە وشۆفێنیزی تورکەکان زۆر بێزار بوون(حەسرەتیان، 2006، 66-67). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە شۆرشەکە هیچ دەستێکی دەرەکی لەپاڵ نەبووە، وتەکانی شێخ سەعید لەکاتی دادگایکردن ئەمە پشتراست دەکاتەوە کاتێک پرسیاری ئەوەی لێدەکرێت کە کامە وڵاتی زلهێز هانیداوە بۆ ئەم شۆرشە لەوەڵامدا شێخ دەڵێت:"من لەلایەن هیچ کەسێک وهیچ پارتێک ودەوڵەتێک هان نەدراوم. من بەخۆم نەخشەی شۆرشم دارشت وئامادەکاریم بۆ کردوو جێ بەجێم کردو بیرکردنەوەی خۆم وقەناعەت وئیدیالی خۆم رێبەرم بوون. دوای گفتوگۆم لە پیران بریاری جێ بەجێکردنیمدا" (عەبدوڵلا،2008، 61).

کاتێک شێخ سەعید و سەرکردە کوردەکان گومانی ئەوەیان لادروست بوو کە تورکەکان هەڵی نائارامی وپەشێوی دەدەن بەئامانجی ناکۆکی خستنە نێوان کورد وئەرمەن وبەرێلادابردنی شۆرش، شێخ سەعید بەیاننامەیەک دەردەکات وتیایدا دەڵێت:"هەرکەسێک دەست درێژی بکاتە سەر ئەرمەنەکان روو بەرووی توندترین سزا دەبێتەوە" (شەمێرانی،2014، 63)ئەم فەرمانەی شێخ دەنگ وسەدایەکی زۆری لەنێو کوردان دابوویەوە، سەرەرای ئەو پشێویانەی لەکاتی شۆرش و دوای شۆرش ناوچەکە بەخۆیەوە بینی، رۆژنامەکانی تورکی وبیانی هیچ سەرپێچی ودەست درێژیەکی کوردیان بۆسەر ئەرمەنەکان تۆمار نەکردوە(پیربال،2011، 195) تەناتەت ئەم هەڵوێستەی شێخ لەدەرەوەی وڵاتیش بووە هۆی زیاتر پتەو بوونی پەیوەندی رێکخراوە کورد وئەرمەنیەکان(حەسرەتیان،2006، 68). لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان لە نانەوەی ئاژاوە لەنێوان تورک و پێکهاتەکانی تر هەر بەردەوام بوونە وئەوەتا فەرماندەی تیپی سوپای تورکیا لە بڵاوکراوەیەکدا دەڵێت:"شێخ سەعید کە سەرکردایەتی راپەرینی دەکرد لە ناوچەی گەنجە بەشداری لە بزوتنەوەی ئاشوریەکاندا کردوە... بەڵگەش بۆ ئەم قسانەی ئەوەیە کە چەند بەڵگەنامەیەکیان لەدەستی دیلە ئەرمەنەکان گرتوە وئەوە دەسەلمێنێت ئەرمەن وئاشوریەکان هاوکاری شێخیان کردوە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد ئەمەش لەپای ئەوە بوو کە رای گشتی تورکەکان ببزوێنن بەرامبەر کورد وئەرمەن وئاشوریەکان(عوسمان،2010، 46)؛ (حەسرەتیان، 2006، 67).

لەدوای کۆتایی هاتنی شۆرش دەرفەتی باش بۆ تورکەکان رەخسا تاکو بکەونە گیانی کوردو ئەرمەن، هەروەک چۆن لەماوەکانی پێشودا کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانیان کرد لەدوای شۆرشیش

بریاریاندا پاشماوەی ئەرمەنەکان کۆتای پێ بهێنن وکوردەکانیش ڕوو بەڕووی هەمان چارەنوس بوونەوە(عوسمان،2010، 47) بۆیە زۆرێک لە کورد وئەرمەنەکان ناچار بوون ڕێگەی کۆچکردن بگرنە بەر بۆ وڵاتانی سوریا ولوبنان وعێراق، بەڵام ئەم کۆچکردنە دووبارە بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی هەردوو لایەن لە چوارچێوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون 1927(شەمێرانی،2014، 64-65).

**تەوەرەی دووەم/ پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن وکاریگەری لەسەر دروست بوونی کۆمەڵەی خۆیبوون لەساڵی 1927:**

هەر وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد لەئەنجامی کۆتای پێهێنانی شۆرشی شێخ سەعید لەلایەن تورکیا، ژمارەیەکی زۆر لە کوردو ئەرمەن بۆ وڵاتانی دراوسێ کۆچیان کرد، لەناویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ڕوناکبیرو پیاوانی سیاسی لەخۆ دەگرت یەکێک لەو کەسایەتیانەش مەمدوح سەلیم بوو کە بە ئەسکەندەر بەگ ناسراوە، ئەم کەسایەتیە توانی لەماوەیەکی کەمدا پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەرمەنانە ببەستێت کە ئاوارەی سوریاو لوبنان ببوون، لەلایەکی تریش کەوتە پەیوەندی لەگەڵ هەریەک لە جەلادەت بەدرخان، محمد شوکری سەگبان، علی ڕەزا، ئیحسان نوری پاشا... بە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی ورزگاریخوازی کوردی. (ئالاکۆم،2000،12)، کەواتا دەتوانین بڵێین کۆتایی هێنان بە شۆرشی شێخ سەعید لەسێدارەدانی زۆرێک لە کەسایەتیەکانی کورد لەساڵی 1925 ڕێگر نەبووە لەبەردەم دووبارە کۆبونەوەی کوردە نیشتمان پەروەرەکان بەئامانجی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی نوێ کە ڕۆڵی هەبێت لە دەستە بەرکردنی مافەکانی گەلی کورد(سجادی،2005، 57)؛(رامبو،1998، 46).

مەمدوح سەلیم وەک کەسایەتیەکی کورد ڕۆڵێکی سەرەکی گێراوە لە نزیک بوونەوەی کوردو ئەرمەن، چونکە پەیوەندیەکی باشی وفراوانی لەگەڵ کەسایەتیە ئەرمەنەکان هەبووە. تەنانەت خودی ئەرمەنەکان نزیک بونەوەی کوردو ئەرمەن بە هەوڵی ئەو لەقەڵەم دەدەن (شەمێرانی ،2014، 65) هاوکات لەکاتی دەربەدەرکردنی پارتی تاشناق لەلایەن بەلشەفیەکان وتورکەکان، مەمدوح سەلیم دووبارە هەوڵەکان دەخاتەوەگەر باوەر بەلایەنی ئەرمەنی دەهێنێت کە کوردەکان باشترین بژاردەن بۆ ئەوەی خەباتێکی رزگاری هاوبەش دەست پێبکەن (رۆژە ،2008، 160-161) هەربۆیە سورەیا بەدرخان لە کتێبەکەی کێشەی کوردستان لەئاست تورکیادا دەنوسێت، نوێنەرانی کورد وئەرمەن، تورکیایان وەک دوژمنی هاوبەشی خۆیان ناساند:" بۆیە بە هاوبەشە ئەرمەنەکانم ڕادەگەیەنم ئێمە دڵسۆز ولایەنگری باشین بۆ سەربەخۆی ئەرمەنستانی یەک پارچەو یەکگرتوو"(بەدرخان،2010، 70-71)

لەساڵی 1926 کوردەکان بەگورو تینەوە خۆیان ئامادەکرد بەمەبەستی بەستنی کۆنگرەیەکی فراوان، کە گشت سەرۆک هۆزو پیاوانی ئاینی و سەرکردە سەربازیەکان و خاوەن دەسەڵاتەکان تیایدا بەشداربن، بۆ ئەوەی بڕیارێکی بە پەلە دەربکەن سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان بەگشتی و سنوری ژێر دەسەڵاتی کەمالیەکان بە تایبەتی(شێرکۆ،1393، 136)، لەم کۆنگرەیە بڕیار دەدرێت بە هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کە بەر لەدروست بوونی کۆمەڵەی خۆیبوون بونیان هەبووە.(سعید،2006، 16) هەروەک دکتۆر عبدالستار طاهر شەریف دەڵێت:"کۆمەڵەکان بریتی بوون لە ڕێکخراوی پێشکەوتنی کوردستان، ڕێکخراوی کوردستان، ڕێکخراوی نەتەوەی کورد، کۆمەڵەی ئازادی"(شریف،1989، 64) لە ئەنجامدا ئەم کۆمەڵانەو ئەوانەی تریش کە بەشدار بوون لەساڵی 1927 یەکیان گرت و کۆمەڵەیەکی یەکگرتویان دروستکرد بەناوی خۆیبوون.(قاسملو،2007، 61)؛(هاوار،2007، 27).

ئەوەی تایبەتە بە ئەرمەنەکان لەلای خۆیانەوە هاوشێوەی کوردەکان دەستیان بە گفتوگۆ کردوە بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ژمارە 1/407 لە 14حوزەیرانی 1928هەروەها لە ناوەرۆکەکەیدا ئاماژە بە ڕاپۆرتی ژمار 1/ 7،4 لە 3 ئاداری 1927 کراوەو باس لەوە دەکات کە ئەرمەنەکان ولیژنەی تایبەتی تاشناق سەرەتا ڕەزامەندی دەرنەبڕیوە تاکو یارمەتی کوردەکان بدرێت و لەگەڵیان بەشداربن، بەڵام شاندێکی ئەرمەنی بەسەرکردایەتی ئارس ئۆهایس سەردانی عێراق دەکات و لەگەڵ هەریەک لە ئەحمەد سەبری دێرسیمی ودکتۆر نوورەددین سامسۆنی کۆدەبێتەوە، لەهەمان کاتدا واهان پاپازیان[3] کە لە پاریسەوە هاتبوو بۆ عێراق بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوەدەکات کە ناوبراو هاتوە بۆ یەکخستنی ئەرمەن وکورد، بۆ ئەم مەبەست پاپازیان لەبەغدا چاوی بە دکتۆر محمد شوکری نوێنەری خۆیبوون کەوتوە، ئەوەی ڕاگەیاندبوو پارتی تاشناق لەگەڵ هەریەک لە حکومەتی ئیتالیا ویۆنان ڕێککەوتوە کە بە ڕێکخستنێکی هاوبەشی کورد وئەرمەن هەڵبستێ دژ بە تورکیا(دەباغ،2023، 112)، بۆ هەمان مەبەست پاپازیان لەمانگی 6 ساڵی 1927 سەردانی ئێرانی کردوە دوای ڕازیبوونی پارتی تاشناق بە هاوپەیمانیەتی کوردو ئەرمەن لەئەنجامی چەندین کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان هەردولایەن بۆگەیشتن بەنەخشەی کاری پێکەوەی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان بەترسەوە سەیری دەست تێوەردانی ئەرمینیایان کردوە لە مەسەلەی کورد(عەلی،2013، 347-350) لەدواتردا ئەم ترسەی بەشێک لە کوردەکان لە بەڵگەنامەیەکی فەرەنسی پشت ڕاست کراوەتەوە بە ژمارە نهێنی لە 2نیسانی 1931 کە شێخ عەلی ڕەزا و هەندێک لە لایەنگرانی دوای ئەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی تاشناق وبەدرخانەکانیان بۆ بەدیار دەکەوێت لەدواین کۆبونەوەیان لە بەیروت لەکۆمەڵەی خۆیبوون جیا دەبنەوە(عەبدوڵلا،2007، 170)، هەر لەناو کۆمەڵەی خۆیبوندا ناکۆکی نەبووە لەسەر نزیک بوونەوەی خۆیبون وتاشناق، بەڵکو لەنێوان خودی ئەندامانی تاشناقیش ئەو ناکۆکیە بەدی دەکرێت بەتایبەتی لەلایەن باڵی چەپڕەوی ئەم پارتە، بەبەڵگەی ئەوەی ڕۆژنامەی ئاراتیش کە زمانحالی پارتەکە بووە لە 5 شوباتی 1931 لەوتارێکدا هێرش دەکاتە سەر سەرکردەکانی پارتەکەو ڕایدەگەیەنێت کە نابێت یارمەتی بزوتنەوەی کوردی بدرێت، چونکە بە بیروڕای ئەم دەستەیە بزوتنەوەکە لەلایەن بەریتانیەکانەوە ڕێکخراوە. (لازاریف، 2013، 201).

جگە لەهەوڵەکانی بابازیان و ئارس ئۆهایس, دکتۆر عوسمان عەلی لە کتێبەکەی بەناونیشانی (کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا) باسی نامەی کەسایەتیەک دەکات بە ناوی ئاریس ئابغ مور لە 28 نیسانی 1927 لەلایەن بەریتانیەکانەوە نێردراوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان بەتایبەتی عێراق-مووسڵ ناوبراو لە نامەکەدا ئاماژە بەوە دەکات هەوڵیداوە ببێت بە مامۆستا لە یەکێک لە کەنیسە ئەرمەنیەکان لە موسڵ بۆ ئەوە بابەتی مێژووی بڵێتەوە, چونکە وای بۆدەچێت لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت هەستی نیشتمان پەروەری لە دڵی گەنجە ئەرمەنیەکان بچەسپێنێت... لەم کارەشیدا سەرکەوتو بووە، بەشێکی تری نامەکە ئاماژە بەوەدەکات لەسەرەتای گەیشتنی بە موسڵ ئەرمەنەکانی ناوچەکەی بە تاشناقی توندڕەو زانیوە دواتر ئەوەی بۆ ڕونکردونەتەوە بەبێ تاشناق ئازادی نابێت... لەنامەی ئەو کەسایەتیە بەدیار دەکەوێت هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە نێردراوە پەیوەندی کورد وئەرمەن لە ناوچەکەدا بەرەو پێشەوە ببات، چونکە زیاتر لە 65 گوندی ناوچەکەی نۆریوەو هەوڵیداوە یەکێتی نێوان کورد وئەرمەن بەهێز بکات(عەلی،2013، 360-365).

هەروەک سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن لەدوای ڕێکەوتنی هەردوو لایەنی کوردو ئەرمەن یەکەم دانیشتنی کۆنگرە لە 5 تشرینی یەکەمی 1927 لەهاوینەهەواری بیحەمدون لە لوبنان لەماڵی واهان بابازیان ئەنجام دراوە و کۆمەڵەی خۆیبوون لەدایک بووە(ڕەش،2000، 41)؛

(ئالاكۆم،2000، 13)، لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیە کوردەکان بەشداریان کردوە، هەرچەندە لەسەرچاوە کوردیەکان جیاوازی لەژمارەی بەشداربوە کوردەکان دەبیندرێت هەندێکیان ئاماژە بە 15 بەشداربوو دەکەن(أحمد،2000، 44-45)، بەڵام کونێ رەش لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی جمعیة خویبون 1927 ناوی 19 کەسی هێناوە(رەش،2000، 41-42) هەرچۆنێک بێت لەو کۆبونەوەیە دەستەی باڵای کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێت کە بریتی بوون لە (جەلادەت بەدرخان، شوکری محمد سەگبان، مەمدوخ سەلیم، حاجۆ ئاغا، کەریم بەگ،...) ئەمانە بە سیفەتی سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەڕێوبەری ژمێریاری و بەڕێوبەری پەیوەندیە گشتیەکان و ڕاگەیاندن ناویان هاتوە.(ئالاکۆم،2000،20)؛(رەش،2000، 41) هەر لە کۆبونەوەکەدا چەند بەڵگەنامەیەک واژۆیان لەسەر دەکرێت، کەبرتی بوون لە پەیمان نامەی میللی ونیظامنامەی عمومی، نیظامنامە پەیرە وپرۆگرانی لەخۆ دەگرت وە پەیمان نامەی میللیش پەیوەندی بە ئامانجەکانی بزاڤی نەتەوەیەوی هەبوو، لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵەی خۆیبوون هەوڵدەدات دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لەباکوری کوردستان پێک بهێندرێت و لەگەڵ دەولەتی سەربەخۆی ئەرمەن هاوپەیمانی هەبێت، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بە پارچەکانی ترەوە هەبوو کۆمەڵە بریاردەدات دەست لەکاروباریان وەرنەدات، بەڵکو دەبێت ئینگلیز وفەرەنسیەکان وئێرانیەکان مافە سیاسی وڕۆشنبیریەکانی کورد بسەلمێنن، یەکێکی تر لەخاڵەکان پەیمانی ستراتیژی نێوان خۆیبوون وتاشناقە بریتیە لەخەباتی هاوبەش، لەکاتی واژۆکردنی پەیماننامەکەش بابازیان وەک نوێنەری تاشناق ئامادەبووە(رۆژە،2008، 162).

ڕێکەوتنەکە لە پێشەکی و 19 مادە پێک هاتبوو لە پێشەکیەکەدا جەخت لەسەر هاوکاری و هاوپەیمانیەتی هەردوو نەتەوە کراوەتەوە، بەپێی مادەکان 1-2-3 پەیمانەکە هەردوولایەن دەبێت دان بەسەربەخۆی کوردستان و ئەرمەنستاندا بنێن، رزگارکردنی هەر وەڵاتێک بە رزگارکردنی ئەوەی تر دابندرێت و هەردوو لایەن بە هاوبەشی بەرپەرچی هێرشەکانی تورک بدەنەوە. مادەکانی تر باس لەوە دەکەن کە هەردوو لایەن لە بڵاوکراوەکان بەیەک ئامانج بۆ هەردوو دۆزی کوردو ئەرمەن کاربکەن، لەگەڵ ئەوەشدا پارتی داشناق بەڵێنی ئەوە دەدات کە دام و دەزگاکانی لە ئەمریکا و ئەوڕوپا بخاتە خزمەت ناساندنی دۆزی کورد، هەروەها دەبێت نوێنەری تاشناق بە هەمیشەی لە کۆمیتەی ناوەندی جێگای بکرێتەوە، وە پارتی تاشناق پابەند دەکرێت بە کۆکردنەوەی ئازوقەو چەک وتەقەمەنی لەکاتی چالاکیە سەربازیەکان، ئەوەی تایبەت و گرینگە مادەی شەشی ڕێکەوتنەکەیە کە تاشناق پابەند دەکات بەهاوکاری دارایی بۆ کۆمەڵەکە(ئالاکۆم،2000،17-19)؛(أحمد،2000،45-46). لازاریف پشتراستی ئەو مادەیە دەکاتەوەو دەڵێت:"تاشناقەکان یەکێک بوون لە سەرچاوەی دارایی خۆیبوو، ئەوان لەلایەن فەرەنساوە یارمەتیان پێدەگەیشت، هەرچەندە خۆیبونیش یارمەتیان لەدەزگا تایبەتیەکانی فەرەنسا وەردەگرت لەڕێگەی کاپتن روندۆ"(لازاریف،2013، 187).

هەرچەندە کوردەکان ڕۆڵێکی تەواویان هەبوو لە دروستبوونی ئەم کۆمەڵەیە، بەڵام یارمەتیەکانی ئەرمەن بۆ چالاکیەکانی خۆیبوون گرینگ بوون، چونکە لە ڕێگەی ئەو یارمەتیانەوە کۆمەڵەکە توانی پەیوەنیدی بە زۆرێک لەکوردەکانی ئەمریکا و فەرەنسا بکات، هەروەها نابێت ڕۆڵی سورەیا بەدرخان لەو پەیوەندیە لەیاد بکرێت چ لەڕێگەی وتارەکانیەوە یاخود لەڕێگەی هاورێ ئەرمەنیەکەی گریگۆر وارتانیان-ڤارتانیان کە خەڵکی یەریڤان بوو لەولاتانی دەرەوە نزیکەی50تا60 هەزار دۆلاریان بۆ کۆمەڵەی خۆیبون کۆکردەوە(هاوار، 2007، 32-34). جگە لەو سەرچاوانەی باسکران کە رۆلیان هەبوو لە کۆکردنەوەی یارمەتیەیەکان بۆ کۆمەڵەکە، ئەوا یارمەتی تایبەتیش لەلایەن کوردەکانی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا دەنێردرا، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵە یارمەتی لەو لقەکانەی کە لە ناوچەو شارو

شارۆچکەکانی پارچەکانی تری کوردستان جگە لە سوریا کە بارەگای سەرەکی بوو وەردەگرت(لازاریف،2013، 187) لەو ڕوانگەیەوە زنار سلۆپی دەڵێت:"لەو ڕۆژگارەدا کورد زۆر پێویستی بە هاوکاری و دۆستایەتی ئەرمەن هەبوو، چونکە کورد وەک ئەرمەن ئەو توانایەی نەبوو دەنگی بێزاری خۆی و باسی شۆرش و ئامانجەکانی بگەیەنێتە وڵاتان"(پاشا،2007، 120). بەڵام ناکرێت ئەوش لەیاد بکرێت ئەگەر کورد نەیتوانیبێت دەنگی خۆی بەتەنها بگەیەنێتە وڵاتان ئەوا ئەرمەنەکان وپارتی داشناقیش لە تورکیا نەیان دەتوانی بەتەنها هیچ جۆرە چالاکیەک وجولانەوەیەکی سیاسی ئەنجام بدەن. کەواتا دەتوانین بڵێین هەردولایەن سودیان لە تواناکانی یەکتر وەرگرتوە دژی دوژمنەکەیان کە کەمالیەکان بوو(شەمێرانی،2014، 71).

هەرچۆنێک بێت پەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن لە چوارچێوەی کۆمەڵەی خۆیبوون وپارتی داشناق ڕێگەی خۆشکرد بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی نوێ، ئەویش شۆرشی ئارارات بوو بەسەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا لەنێوان ساڵانی 1927-1931.

**تەوەرەی سێیەم/ پەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن لە شۆرشی ئارارات 1927-1931:**

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون بریتی بوو لە بەردەوامیدان بە بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد لە دوای شۆرشی شێخ سەعید 1925، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەی خۆیبوون بڕیاریدا بوو دەست بە شۆرش بکرێت و کەسایەتیەکی لێهاتوو ڕاسپێردرێت بۆ ئەم ئەرکە. (محمود،2018، 145) بۆ ئەم مەبەستە خۆیبوون ئیحسان نوری پاشای هەڵبژارد هەرچەندە ناوبراو یەکێک نەبووە لە بەشداربووانی گۆنگرەی کۆمەڵەکە بەڵام بەهۆی ئەوەی لە پێشتر یەکێک بووە لە پلەدارەکانی ریزی سوپای عوسمانی کە بەشداری زۆرێک لە جەنگەکانی تورکیای کردبوو، دواتر سەرکردایەتی بزافی بەیتولشەباب دەکات، ئەمەش لەکاتێک دابووە کە دەولەتی تورکیای نوێ پاشکەز بویەوە لەو مافانەی کە بەکوردی دابوو لە پەیماننامەی سیڤەر(جویدە،2008، 452)؛(وەلاشی،2024، 85-89) دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت:"ئیحسان نوری پاشا ڕوناکبیرێکی بەجەرگی لێهاتوو بوو لەگەڵ ڕێکخراوی خۆیبوون بەشداربوون لە شۆرشی ئارارات وبەیەکەوە ڕابەرایەتیان دەکرد(ئەحمەد،2001، 497).

دوای دەست نیشانکردنی ئیحسان نوری بەسەرکردایەتی شۆرش لە ئارارات، کۆمەڵەی خۆیبوون بڕیاری ئەوەشی پەسەند کرد کە چیای ئارارات ببێتە بنکەی ئەم شۆرشە لەبەر چەند فاکتەرێک لەوانە ناوچەکە هاوسنور بووە لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی ئێران و رووسیا و تورکیا، شوێنێکی سەختیش بووە دوژمن بەئاسانی نەیدەتوانی بکات بە ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی هەردوو هۆزی جەلالی و حەیدەران لەناوچەکە شۆرشیان دژی دەسەڵاتدارانی تورک دەست پێکردبوو (محمود،2018، 145)؛(دێشنەر،2004، 104). هەرچۆنێک بێت سەرکردەی شۆرشەکە توانی خۆی بگەیەنێت بە ئارارات وپەیوەندی بە شۆرشگێرانەوە بکات(مەکداول، 2005، 339) دوابەدوای ئەو بەر پرسیاریەتەی کەوتە سەرشانی ئیحسان نوری دەستی کرد بە ڕێکخستنە سەربازی وکارگێریەکان، بەئامانجی دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە ناوچەکە. لەلای خۆیەوە سەرکردەی شۆرش دوو بەڕێوبەرایەتی دروست کرد یەکێیان بەڕێوبەرایەتی سەربازی بوو کە خۆی بەڕێوەی دەبرد ئەوەی تریان بەڕێوبەرایەتی کارگێری بوو لەلایەن بڕۆحەسکی[4] سەرپەرشتی دەکرا زیاتر کاروبارە کارگێریەکانی لەخۆ دەگرت، جگە لەوەی ئیحسان نوری چەند کەسایەتیەکی تری وەک قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە هەڵبژارد بەمەش توانی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی وکۆمارێکی بچوک لە ناوچەکە دامەزرێنێت بەناوی کۆماری کورد ئاڤا(اندجانی-ساسونی، 1399، 32-33).

ئەوەی زیاتر مەبەستمانە پەیوەندیەکانی کورد وئەرمەن ورۆڵی ئەرمەنەکانە لە شۆرشی ئارارات بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان خۆیبوون وداشناق کرابوو، ئەگەر تۆزێک بگەڕێینەوە دواوە ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە سەرکردەی شۆرشەکە پەیوەندیەکی بەهێزی هەبووە لەگەڵ ئەرمەنەکان، ئەمەش لەوکاتەدا بەدیارکەوت کە ئیحسان نوری پاشا لەڕیزی سوپای عوسمانیدا بوو لە فەوجی 14 لەشکری 9 لە ناوچەی شیردەت، لەوکاتدا لەلایەن فەرماندەیەکی سەربازی تورک بەناوی خالید بەگ فەرمانی پێدەکرێت یارمەتی فەوجی سوارەی ئازربایجان لەنزیگ گورجستان بدات، چونکە سوپای عوسمانی لەم ناوچەیە کە چەند گوندێکی ئەرمەنیەکانی لێبوو لەشەردابوون، بەڵام ناوبراو ئەم فەرمانە ڕەتدەکاتەوە کە شەر لەگەڵ ئەرمەنەکاندا بکات بەڵکو دەشیان پارێزێت(زادە،2013، 28). هەروەها زۆرێک لە بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوەدەکەن ئیحسان نوری لەچەند ناوچەیەکی جیاواز چاوی بە نوێنەرانی ئەررمەن کەوتووە، یەکێک لە بەڵگەنامەکان بەژمارە نهێنی لە 22 ئابی 1931 بلاوکراوەتەوە باس لەوە دەکات ناوبراو سەردانی بەغدای کردوەو چاوی بەهەریەکە لە لیڤۆن پاشا سەرۆکی کۆمیتەی تاشناق لە بەسرا وئاقووب ئەفەندی سەرۆکی کۆمیتە لە بەغدا کەوتوە(عەبدوڵلا،2007، 173). ئامانجی ئەم سەردانەشی زنجیرەیەک کۆبوونەوە بووە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەن بە ئامانجی هاوکاری زیاتر بۆ شۆرش(اندجانی-ساسونی،1399، 75)، دوای کۆبونەوەکانی هەردوولایەن بریاردا لیڤۆن پاشا داخوازی و پرۆژەکانی سەرکردایەتی شۆرش بگەیەنێتە کۆمیتەی تاشناق لە حەلەب(عبدوڵلا،2007، 173)، دکتۆر عوسمان عەلی بە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ژمارە 1/407 لە14 حوزەیرانی1928 ئەم چاوپێکەوتنانەی ئیحسان نوری ودەسەڵاتدارانی ئەرمەنی پشتراست کردۆتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی شاندێکی کۆمیتەی تاشناق لە حەلەب و واهان بابازیان لە پاریسەوە سەردانی عێراق دەکەن بەو ئامانجەی پەیوەندیەکانی هەردوو لایەن زیاتر پەرە پێبدەن(عەلی،2013، 345)هەروەها ئەو پەیوەندیەی ئیحسان نوری وئەرمەنەکان لە بەڵگەنامەکانی ئێرانیشدا باسی لێوە کراوە ئەمەش لەوکاتەی قونسولخانەی ئێران لە بەغدا دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان لە کرماشان ئاگادار کردۆتەوە کە پەیوەندی لەنێوان ڕێکخراوی داشناقی بەغدا وکرماشان هەیە لەگەڵ کەسایەتیەکی کورد بەناوی ئیحسان نوری، لەوەڵامی ئەم یاداشتە والی ئازربایجان بەژمارە 291 لە ڕێکەوتی 3/11/ 1927 ڕایگەیاندوە کە داشناقەکان وکوردەکان هاوپەیمانن ومەبەستیان دژایەتی تورکەکانە, بەڵام ئەم پەیوەندیەی کورد وئەرمەنەکان لەناوچەکە بەدڵی ئێرانیەکان نەبووە، چونکە وایان دەدیت کاریگەری لەسەر کوردەکانی ئێران دەبێت(حیسامی،1998، 182). بەڵگەنامەیەکی فەرەنسی باس لەدروست بوونی ئەم پەیوەندیەی نێوان کوردەکانی ئێران وئارارات دەکات لەوکاتەی هەردوو حکومەتی تورکیا وئێران ڕێکەوتنیان واژۆکرد کوردەکانی ئێران پشتوانی کوردەکانی ئاراراتیان کردوە لەهەمان کاتدا ببووە هۆی لێک نزیک بوونەوەی کوردانی ناوچەی قەوقاز وئارارات(عبدەڵلا، 2007، 171). هەر بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانی کە مستەر ئەدمۆندز بۆ مستەر ئێی-ئێندرسنی ناردوە بە ژمارە 158، تیادا باس لەوە دەکات کە کوردەکانی سەر سنوری ڕووسیا وئێران لە کۆتایی مانگی شوبات راپەریون هەرچەندە تورکەکان بەسەریاندا زاڵ بوون، بەڵام بەهۆی یارمەتیدانی ئەرمەنەکانی ڕووسیا وکوردەکانی ئێران تواندراوە 500 کەسیان دەربازببن (شمشیر،2002، 278-279). ئەم بەڵگەنامەیە ئەو ڕێکەوتنەی نێوان تورکیا وئێران پشت راست دەکاتەوە کە لێک نزیک بوونەوە هەبووە لەنێوان ئەرمەنەکانی قەوقاز وشۆرشگێرانی ئارارات.

هەرچەندە چاودێریەکی توند هەبوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق بەسەر پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن، بەتایبەتیش لەلایەن بەریتانیەکان ئەمەش لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ

تورکیا لەبەرچاو بگرن، هەربۆیە حکومەتی بەریتانی لیستێکی ناوی کورد وئەرمەنەکان کە ژمارەیان 56 کەس بوون دەدات بە حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی فیزەیان پەنەدرێت وپەیوەندی نەکەن بە شۆرشی ئارارات(شمشیر، 2002، 278)؛(وڵاشی، 2024، 102) لەناویاندا 9 ئەندامی خێزانی بەدرخانیەکان وناوی ئیحسان نوری پاشا هەبوو لەگەڵ ناوی ژمارەیەک لە ئەرمەنەکان ئەوە جگە لەوەی بریاردرا چاپەمنیەکانی خۆیبوون نەیەنە ناو عێراق.(لازاریف،2013، 198).

دوای ئەوەی جەنگ بەشێوەیەکی فەرمی لەنێوان ساڵانی 1927-1928 دەستیپێکرد، چەندین شەری قورس لەنێوان کوردەکان و تورکەکان رویداو کوردەکان ناوچەیەکی فراوانیان لە دەوروبەری چیای ئارارات خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، هەرچەندە تورکەکان لەهەوڵی ئەوەدابوون شکست بە کوردەکان بهێنن، بەڵام لەهەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوون بەتایبەتیش ئەو شکستەی لەناوچەی بەتلیس بەسەریاندا هات، بۆیە تورکەکان لەرێگەی فڕۆکەوە ناوچەکەیان بۆمبە بارانکرد(محمود،2018، 145-146). دوای ئەو شکستە تورکیا گەشیتە ئەو باوەرەی کە ناتوانێت ڕووبەڕووی کوردەکان ببێتەوە بۆیە لەناوەراستی ساڵی 1928 ئەنجومەنی تورکیا لیژنەیەکی ئاشتەوای لە 12 نوێنەرو ژمارەیەک بەرپرسی ویلایەتەکانی رۆژهەڵات پێکهێنا، بەئامانجی دانوسان و کۆتایی هێنان بە شۆرشەکە، هەرچەندە لیژنەکە بەڵێنی ئەوەی بە شۆرشگێان دابوو کە لێبوردنی گشتی رادەگەیەنن و سەرکردەکەشیان پۆستێکی باڵای پێدەدرێت, بەڵام داواکاری تورکەکان لەلایەن سەرکردایەتی شۆرش رەتکرایەوە (جلیل وئەوانیتر، 2014، 53), هەرلەوکات ئیحسان نوری داوایاک ئاراستەی ئەم لیژنەیە دەکات ئەویش رێگەدانە بەخێزانەکەی بۆ ئەوەی بێت بۆ ئارارات، لەبەر ئەوی هەندێک لە ئەندامانی لیژنەکە کاتی خۆی لەگەڵ ئیحسان نوری سەرباز بوون، لەبەرامبەر ئەو هاوریەتیەیان داواکاریەکەی قبوڵ دەکرێت، لێرەدا یەشار خانم خێزانی سەرکردەی شۆرشی ئارارات لەیاداشتەکانی باسی ئەوە دەکات کە لەرێگەی کۆمەڵەی خۆیبوون و بەهاوکاری دکتۆرێک و دەرمانسازێکی ئەرمەنی لەرێگەی کۆمیتەی تاشناق نێردراوە بۆ ئێران، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئیحسان نوری هەردەم بەهاوکاری ئەرمەنەکان توانیویەتی پلانەکانی جێبەجێ بکات(نوری، 2013، 148)؛(وڵاشی،2024، 134-141).

لێک نزیک بونەوەی خۆیبون وتاشناق وهەوڵەکانی سەرکردایەتی شۆرش بۆ نزیکبوونەوە لە سەرانی ئەرمەن بوون بە بناغە لە پەیوەندیەکانی هەردوو لایەن لەشۆرشی ئارارات، هەرچەندە فەرەنسیەکان دژی خۆیبوون وەستانەوە ونوسینگەکەیان لەشاری حەلەب داخست, بەڵام هەروەک جارانی پێشوتر ئەرمەنەکان بەهانایانەوە چوون بەشێکی نوسینگەکەی خۆیان لەو شارە بۆکۆمەڵەی خۆیبوون تەرخانکرد، بەمەش خۆیبوون سودی لە دەرفەتی هاتۆچۆی ئەرمەنەکان بینی لەنێوان شارەکانی سوریا و عێراق وئێران لەگەڵ ناوەندی شۆرش لەئارارات (وڵاشی، 2024، 103)، لەبەرامبەر ئەمەدا خۆیبوون بۆ ڕێزگرتن لە بەرژەوەندی تاشناقەکان کە پەیوەندیان هەبووە بە فەرەنسیەکان وئینگلیزەکان هەوڵیاندا چالاکیەکان لە نفوزی دەسەڵاتی ئەم وڵاتانە کەم بکەنەوە وجوڵانەوەکانیان زیاتر بەئاراستەی وڵاتی تورکیا برد(لازاریف ،2013، 187-188).

بەدرێژاری ساڵانی 1927-1930 دواتریش، پارتی تاشناق هەماهەنگیەکی تەواوی لەگەڵ هاوپەیمانەکەیدا هەبووە، ئەمەش وەک پابەندیەک بەو ڕێکەوتنەی کە لە هاوینەهەواری بحەمدون لەسەری رێک کەوتن، بەتایبەتیش مادەی دەیەم، چونکە پارتەکە بێڵێنی دابوو لە چالاکیە سەربازیەکاندا لە ڕووی ئازوقەو چەک وتەقەمەنیەوە یارمەتی بۆ شۆرشگێران دابین بکات(ڕۆژە،2008، 124)، بەرپرسیاریەتی ئەو پەیوەندیەش کەسایەتیەک بووە بەناوی رۆبن

پاشا، بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ژمارە 59 لە 28حوزەیرانی 1930کە لەلایەن کۆلۆنێل دۆد نێردراوە بۆ سێرئارکلایفدۆد باس لەوە دەکات لە 26 حوزەیران چاوی بە رۆبن پاشا کەوتوە، ناوبراو رایگەیاندوە لەساڵی 1914 وەزیری جەنگ بووە لە ئەرمینیا وئێستاش بە کارێکی نهێنی هاتۆتە تاران بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەتەکانی بەریتانیا وئێران بۆ کوردانی تورکیا لە ئارارات کۆبکاتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کوردەکان توانیبویان دوو ناوچەی گرینک داگیر بکەن ئەوانیش باکوری ئەرجش ورۆژئاوای ئارارات بوو، بەدەست بەسەرداگرتنی ئەم دوو ناوچەیە لەلایەن کوردەکان هەرێمێکی شۆرشگێر دادەمەزرێت، هەروەها بەڵگەنامەکە ئەوەش باس دەکات کە سوپای تورک بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچەیە 6500سەربازیان ئامادەکردوە، بۆیە تاکە داواکاری رۆبن پاشا بەشێوەیەکی نارەسمی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بووە بۆ شۆرشگێران، بۆیە رۆبن پاشا وا لە دەسەڵاتدارانی بەریتانی دەکات ئەگەر رازیبن ئەوە دەتوانێت بەنهێنی چەک وتەقەمەنی بەرێگەی عێراقەوە بگوازنەوە، کۆلۆنێل دۆد لە قسەکانی رۆبن پاشا ئەوەی بۆ بەدیاردەکەوێت کە سۆڤیەت یارمەتی تورکەکان دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردەکان بەو ئامانجەی لەدواتردا دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت و لەوێوە خۆی بگەیەنێتە کەناراوەکانی دەریای قەزوین و بەرەو باشوری عێراق هەنگاو بنێت(شمشیری ،2002، 322-324)، دەکرێت بەریتانیەکان لەبەر مەترسی سۆڤیەت بە پێشنیارەکەی رۆبن پاشا رازی بووبن.

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەرمەن لەحەلەبەوە سەردانی ئێرانیان کرد ولەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە رێککەتن، رۆبن پاشاش دەستی کرد بە دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ شۆرش بە تایبەتیش لەوکارگانەی کە لە خواروی قەوقاز وتەورێز هەبوون(عوسمان،2010،69) ؛(اندجانی-ساسونی،1399،89) هەرچەندە بەپێی بەڵگەنامەی بەریتانی ژمارە 1/407 لە تەورێز رێگە نەدراوە یارمەتیەکان بگەن بە کوردەکان، بەڵام دواتر بەهۆی رێکخستنی پەیوەندیەکان لەلایەن واهان پاپازیا، تاشناقەکان لەرووی هونەری وئەفسەری مەشقەوە لە تەورێز هاوکاری شۆرشگێرانی کردوە(عەلی،2013،345). ئەگەر رۆبن پاشا بەرپرسی کۆکردنەوەو هاوکاریەکانی ئەرمەن بوبێت لەدەرەوە ئەوا ئەردەشێر مورادیان بەرپرسی پەیوەندیەکانی تاشناق وخۆیبوون بوو لەچیای ئارارات، ناوبراو خەڵکی خنسی سەر بە پارێزگای ئەرزەرۆمە خۆی وکەتیبەیەک لە ئەرمەنەکان لەسەر ڕاسپاردەی پارتی تاشناق پەیوەندی بەشۆرگێرانی ئاراراتەوە دەکات، دواتر لەناوکوردەکان بە ئەمیر زیلان دەناسرێت، ئەوماوەیەی لە ئارارات بووە شانبەشانی کوردەکان بەشداربووە لەشەرەکان و هەوڵیداوە پەیوەندیەکانی ئەرمەن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرش بەرەو پێشەوە ببات،(اندجانی-ساسونی، 1399، 42)؛(ئالاکۆم،2000،90) ئیحسان نوری لە یاداشتەکانیدا باسی ئەو کەسایەتیەی کردوەو دەڵێت:"ئەردەشێر کەسایەتیەکی ئەرمەنی بووە وسەر بە پارتی تاشناق بووە، دوای پەیوەندی کردنی بە شۆرش چەند ئەرکێکی سەربازی پێ سپێردراوە بەڵام لەساڵی 1929 لەلایەن ئارداش مورادیان نامەیەکی پێدەگات کە بچێت بۆ یەریڤان، چونکە ئامۆزایەکی لە تەفلیس هاتۆتە ئەم شارە وستویەتی چاوی پێبکەوێت لەنزیک ئارالیق... ئەویش بە پەرۆشەوە داواکە قبوڵ دەکات، چونکە ماوەیەکی زۆربوو چاوی بە بنەماڵەکەیان نەکەوتبوو..." بەڵام نامەکە پلان بووە بۆ دەست بەسەرکردنی، هەرچەندە لەکاتی چونی بۆ ئەم دیدارە ئیحسان نوری چەند سەربازێکی لەگەڵ دەنێرێت لەوانە عومەر بەسێ بەڵام لەوکاتەی لە سنور دەپەرنەوە لەلایەن روسەکانەوە دەستگیر دەکرێت ودەنێردرێتە سیبریا، هەرچەندە سەرکردایەتی شۆرش لەرێگەی نامەوە بۆ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت هەوڵی ئازادکردنی دەدات، بەڵام هەوڵەکان هیچیان لێبەرهەم نایەت(پاشا،2001،67-71). لەدوای دەست بەسەرداگرتنی ئەردەشێر پارتی تاشناق کەسایەتیەکی تر بەناوی واهان کە پێشتر ئەفسەر بووە لە سوپای چواری رووسی دەنێرێت بۆ

ئەوەی نوێنەرایەتی ئەرمەنەکان بکات، ناوبراو تا کۆتای ساڵی 1930 لە ناوچەکە دەمێنێتەوە(عوسمان،2010،71).

دوای ئەوەی دانوسانەکان لەنێوان حکومەتی شۆرشگێران و حکومەتی تورکی بە بنبەست گەیشت، دووبارە شەر لەسەرەتای ساڵی 1930 تاکو کۆتایی ئەو ساڵە بەردەوامی هەبوو، لەو زنجیرە شەرانەدا کوردەکان لە زۆرێکیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا وە لەچەند شوێنێکیشدا پاشەکشێیان بۆ ناوچە سەختەکان کردوە، بەڵام لە نیسانی هەمان ساڵ هێزەکانی تورک توشی شکستێکی گەورە بوونەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی چەند فرۆکەیەکیان تێک شکێندران، لەگەڵ ئەوەشدا دومانگ دواتر تورکەکان کوردەکانیان ناچارکرد بەتەواوەتی پاشەکشە بکەن، دوای ئەوەی لەدۆڵی زیلان ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان کوژران وچەندان گوندیش وێران بوون(لازارریف،2014، 54-55). لەوکاتدا ئیحسان نوری لە رێگەی رۆژنامەی ئاگری وتارێک بڵاو دەکاتەوە داوا لە کوردەکان بەگشتی و کۆمەڵەی خۆیبون بەتایبەتی دەکات کە هاوکاری زیاتر بگەینن بە شۆرشگێران، بۆ ئەم مەبەستە هێزێک توانیان لەسنورەکانی عێراق و سوریا خۆیان بگەیەنن بە مێردین ومیدیان، بەڵام زوو تێک شکێندران(پاشا،2007،132)، هەرچۆنێک بێت شۆرشەکە لەکۆتایەکانی نزیک ببویەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی هێزێکی گەورەی تورک بەسەرکردایەتی صالح پاشا گەشیتە ناوچەکە، دوای شەرێکی دەستەو یەخە لەگەڵ ئەو سوپایە شۆرشگێران ناچار بوون پاشەکشە بکەن بۆ ناو خاکی ئێران, هەرچەندە ئیبراهیم پاشا تاکو زستانی 1930 بەرگری کرد، بەڵام دواتر ئەویش دەکوژرێت، بەم شێوەیە کۆتای بەشۆرشی ئارارات دێت، ئەگەر ناهاوتای هێزی کورد لەگەڵ تورک لەرووی چەک وژمارەی سەرباز وکەمی ئازوقە هۆکار بووبن بۆ شکستی شۆرش ئەوا رێگەوتنی نێوان تورکیا وئێران وسۆڤیەت هۆکاری راستەوخۆ بوو بۆ لەناوچونی شۆرشی ئارارات بەتایبەتیش سۆڤیەت (وەلاشی،2024،161-162)؛(جویدە،2008،455)،هەروەک کریس کۆچێرا دەڵێت:"بە هاوپەیمانیەتی یەکێتی و هاوکاری نێوان خۆیبون وتاشناق، سۆڤیەت زیاتر دژایەتی کوردی کردوە هەروەها لەساڵی 1930 کاتێک شەری سەخت لە ئارارات هەبوو سۆڤیەت خەریکی لێدان بوو لە ئەرمەنەکان، کاتێکیش کوردەکانی سۆڤیەت وئەرمەنەکان یارمەتی شۆرشگێرانی ئاراراتیان دەدا ئەوا سۆڤیەت هاوکاری تورکیای دەکرد"(کۆچێرا،2003،114).

دوا بەدوی بەستی هاوپەیمانیەتی هەرسێ لایەن تاشناقەکان ئەوەیان لا روون بوو کە کۆتای بە شۆرشەکە دەهێندرێت، بۆیە هەوڵیاندا تا ئەوپەری پێکرانیان مەرجەکانی هاوپەیمانەتیەکە جێ بەجێ بکەن(رۆژە،2008،167-168)، لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لە ئیحسان نوری پاشا کرد لە ئارارات نەمێنێتەوە، بەڵام ناوبرا و لەوەلامدا دەڵێت:"من لەهاورێ لەخۆبوردواکانم ئازیزتر نیم، ئەگەر قەدەرمان کوژران بێت با هەمومان پێکەوە بگوژرێین" بەڵام دوای ئەوەی فشارەکان زیاتر بوون لەلایەن تورکیا ئەوا ناوبراو ئاوارەی خاکی ئێران دەبێت(وەلاشی،2024،162-163).

لەدوای کۆتایهاتنی شۆرشی ئارارات ئەرمەنەکان هەر بەردەوام بوون لە بەرگریکردن لە کوردەکان ئەوەتا لە کۆنگرەی ئەنتەر ناسیۆناڵی دووەم کە لە 30ئابی 1931 لەشاری زیورخی سویسرا بەسترا رۆڵی سەرەکیان گێرا لە وروژاندنی کێشەی کورد چونکە پارتی تاشناق یەکێک بوو لە ئەندامانی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەوروپا، لەکۆنگرەکەدا نوێنەری ئەرمەن باسی لەشۆرشی ئارارات کردوەو ئاماژەی بەوە داوە کە تورکەکان چەندین شۆرشی کوردیان لەناوبردوە وجینۆسایدی گەلەکەیان کردوە، لەبەیاننامەی کۆتایشدا ئەرمەنەکان هانی ئامادە بوانیان داوە نارەزایەتی دەربرن و ئەو توندو تیژیەی دەرهەق بە کورد دەکرێت رابگیرێت (أحمد،2000،146)؛(قاسملو،2014،53).


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لەچوارچێوەی شۆرشی ئارارات وای لە سەرکردایەتی شۆرش کردبوو رۆلێکی گەورە بە ئەرمەنەکان بدات بەجۆرێک ئەرمەنەکان شۆرشەکەیان بە خەباتی چەکداری خۆیان زانیوە دژی تورکیا.

**ئەنجام**

١-لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان بەدیار دەکەوێت بەدرێژای مێژوو پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لەململانێدا بووە بەرووداوە خۆش و ناخۆشەکانەوە، چونکە لەمێژوودا دوو نەتەوەی هاوسنور مەحاڵە دووچاری ناخۆشی و نەهامەتی نەبووبنەوە, بەڵام دەکرێت ئەوە بەخواستی خۆیان نەبوبێت ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ڕووداوانەی بەپێی قۆناغە جیاجیاکان بەسەر ئەم نەتەوەیەدا هاتوەو دەسەڵاتدارانی عوسمانیش سودیان لەم دەرفەتانە وەرگرتوەو درزیان خستۆتە پەیوەندیەکانیان. بەڵام بەهۆی کەسانی شارەزای سیاسی لەنێوان هەردولا تواندرا بوو ئاشتی وبرایەتی لەنێوان خۆیاندا بچەسپێن وپشت لەهەموو ئەو ناخۆشیانە بکەن کە بە سەریاندا هاتبوون.

٢-بەهۆی ئەو مێژووە دورو درێژەی هەریەکە لە کوردو ئەرمەن هەیانبووە، سەرەڕای هاوسنوری جوگرافیان، ئەم دوو نەتەوەیە بەردەوام لە قۆناغە جیاوازەکاندا هاوکاری یەکتریان کردوە و لەزۆرێک لە ڕوداوە مێژویەکاندا هاوبەشن و یەک چارەنوسیان هەبووە ئەویش جینۆساید و لەسێدارەدان و دەربەدەری و دەرکردن بووە لە نیشتمان و خاکی خۆیان، مێژوو ئەوەی سەلماندوە کوردەکان بەپێی توانا ئەرمەنەکانیان پاراستوە، ئەمەش بەو بەڵگەیەی ئەرمەنەکان لە بزاڤی رزگاری خوازی کورد هەر لە شۆرشی شێخ سەعیدەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون دواتریش شۆرشی ئارارات یارمەتی کوردیان داوە.

٣-دامەزراندی کۆمەڵەی خۆیبون وریکەوتنیان لەگەڵ پارتی تاشناق بەقۆناغێکی نوێ لە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن دادەندرێت، چونکە لەم ڕێگەیەوە جولانەوە سیاسی و هزریەکانی کورد لە چوارچێوەی هەرێمایەتیەوە بەرەو شانۆی جیهان هەنگاوی نا، بەجۆرێک پەیوەندیەکانی خۆیبوون لەگەڵ فەرەنسا و هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕاستەخۆ لە ڕێگەی داشناقەوە بووەو کاریگەری هەبووە لەسەر ناو ناوبانگ و چالاکیەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە دەرەوە، ئەم پەیوەندیە خزمەتێکی گەورەی گەیاندە کێشەی کوردو کوردی بە میللەتان ناساند و وڵاتانی ڕۆژئاوای لە چەوساندنەوەی کورد ئاگادار کردەوە.

٤- ڕێکەوتنی نێوان هەردوولایەن دەرفەتێکی باشتری ڕەخساندبوو بۆ لێک نزیک بوونەوەی کوردو ئەرمەن و چرکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر زوڵم و زۆرداری وڵاتانی داگیرکەر، ئەمەش دوای ئەو بێئومێدیە بوو کە ئەم دوونەتەوەیە لەدەسەڵاتدارانی تورکیا چاوەڕێیان نەدەکرد، بۆیە لێک نزیک بونەوەیان تەکانێک بوو بۆ خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئەرمەن.

٥-دەکرێت بگوترێت پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن بەدرێژای هەردوو شۆرشی شێخ سەعید و شۆرشی ئارارات و تەنانەت دوای شۆرشیش بەردەوامی هەبووە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو بەڵێنە بوە کە ئەرمەنەکان بەکوردیان دابوو.

**پەراوێز**

1- **پارتی داشناق،** ئەم پارتە لەشاری تەفلیسی جۆرجیا لە ساڵی 1890 لەسەردەستی هەرسێ سەرکردەی ئەرمەنی (کریستابوور، روسروم، زاقاریان) لە ژێر ناوی یەمێتی شۆڕشگێری ئەرمەنەکان دروست بوو، بەڵام دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی شۆڕشگێری ئەرمەنی (تاشناق سوتیون) یەکەم کۆنگرەی ئەم پارتە لە ساڵی 1892 بەستراو تیایدا بڕیاری خەباتی چەکداریان

دا، لە بەیاننامەی یەکەمی کۆنگرەدا ئاماژەی پێکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆمەڵە و گروپی چەکداریان دروست کرد و یارمەتی زۆرێک لە کورد و عەرەب و تەنانەت تورکە بێلایەنەکانیشیان دەدا، ئەم پارتە لقی لە پاریس و لەندەن و برۆکسل و بەرلین کردەوە، پەیوەندیشیان بە چەندین سەرکردە و کەسایەتی کرد بە تایبەتیش کوردەکان لە کۆتایشدا واهان پاپازیان و جەلادەت بەدرخان ڕێکەوتنێکیان لە نێوان خۆیاندا مۆرکرد، بەپێی ڕێکەوتنەکەش ئەرمەن یارمەتی پێشکەشی شۆڕش کرد(عوسمان،2010، 60)(پیربال، 2011،185-186)

2-**ئیحسان نوری پاشا**(1893-1976) ناوی تەواوی ئیحسان کوری فەرزندە نوری کوری عەلی قولیە، لەشاری بەدلیس و لەگەرەکی قولی لەدایک بوە ژیانی منداڵی هەرلەو گەرەکە بەسەر بردوە، باوکی یەکێک بوە لەکەسایەتیە ناودارەکانی شارەکە، قۆناغی خوێندنی سەرەتای لە قوتابخانەی گوگ مەیدان دەست پێکردوە دواتریش چوەتە قوتابخانەی روشدیەی عەسکەری لەتەمەنی 17 سالیداو لەساڵی 1910 پلەی مولازمی دوەم بەدەست دەهێنێت، لەریزی سوپای عوسمانی خزمەت دەکات و لەچەندین شەر بەشداری دەکات، تا ئەو کاتەی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە پەیمانامەی لۆزان کورد لەمافەکانیان بێبەش دەکات بەردەوام دەبێت، دواتر دەست بە بزاڤی سیاسی دەکات لە بەیت ولشەباب و ئارارات، لەدوای ئەم شۆرشانەش ئاوارەی ئێران دەبێت و تاکو کۆچی دوایکردنی لەساڵی 1976 لەو وڵاتە دەمێنێتەوە. (وەڵاشی،2024، 13-40)

3-**واهان پاپازیان**،(1868-1973) جێگری پێشووی وان بوو لە پەرلەمانی عوسمانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تاشناق بوو لە پاریس، بە هەوڵەکانی تواندرا ڕێکەوتنامەیەک لە نێوان خۆیبوون و پارتی داشناق ببەسترێت، دوای ئەوەی لەساڵی 1927 لە لوبنان کۆمەڵەی خۆیبوون ڕاگەیەندرا، سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم کۆبوونەوەیە لەماڵی واهان پاپازیان بووە، کە بووە هۆی لێک نزیک بوونەوەی هەردوولا، دواتریش ناوبراو دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەکە(ڕۆژە،2008، 166)؛(عوسمان،2010، 62).

4-**برۆ حسکی/** یەکێک بووە لەسەرکردەکانی بنەماڵەی حەسە سوری خێڵی جەلالی، لە ناوچەی ئارارات ژیاوە، توانیویەتی ڕێگری لە سوپای روسیا بکات بۆ ناوچەکە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم توانی شار بایەزید لە ئەرمەنەکان وەربگرێتەوە، شانبەشانی ئیحسان نوری بەشداری لە شۆرشی ئارارات دەکات و لە ساڵی 1930 دەکوژرێت(وڵاشی، 2024، 99)

**سەرچاوەکان**

**١-سەرچاوە کوردیەکان.**

-ئالاکۆم، رۆهات،2000،*خۆیبون و شۆرشی ئاگری*، و: شوکر مستەفا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.

-احمد، کەمال مزهر،2001،*چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد*، ب1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.

-اولسن، رۆبەرت،1999،*شۆرشی شێخ سەعیدی پیران*، و: ئەبوبکر خۆشناو، چاپخانەی سەردەم، سێمانی.

-بەیات، کاوە،2009،*شۆرشا کوردێن تورکیا و کاریگەراوی ل سەر پەیوەندیێن دەرڤەیێن ئێرانێ 1928-1932*، و: موصدق توفی، چاپخانا زانکۆیا دهۆک، چ1، دهۆک.

-بوروزی، موجتەبا،2005،*بارودۆخی سیاسی کوردستان 1880-1946*، و: نازناز محمد-یوسف خزر- سۆران علی پور، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

-بۆرکای، کەمال،2008،*کوردو کوردستان لەسەردەمی بەستانەوە تاکۆتای جەنگی جیهانی یەکەم*، و:عەلی فەتحی، چاپخانەی منارە، چ1، هەولێر.

-بەدرخان، سوریا،2010،کێشەی کوردستان لەئاست تورکیادا ، و: ئەحمەد قازی، چاپخانەی ئاراس، چ1، هەولێر.
-پیربال، فەرهاد،2001،ژەنەراڵ شەریف پاشا یەکەمین سیاسەت مەداری کورد کە داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆ کورد کرد، چاپخانەی سەردەم، چ1، سلێمانی.
-پیران، فەوزی شێخ عبدالرحیمی،2010،شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە ڕوانگەی بنەماڵەکەیانەوە، و: سەردار محمد، چاپخانەی کارۆ، چ1، سلێمانی.
-جویدە، وەیع،2008، جولانەوەی نەتەوەی کورد بنەماو پەرەسەندن، و: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
-جلیل، جلیلی و ئەواتیتر،2014،شۆرشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، ب2، و: بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
-حەمەباقی، محەمەد،2022،کێشەی نێوان کوردو ئەرمەن، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
-حەسرەتیان،م.أ،2006،ڕاپەرینی کوردان 1925، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ2، هەولێر.
-حسامی، کەریمی،1998،کورد لەگەمەی دەوڵەتانی زلهێز وحکومەتەکانی ناوچەکەدا، ستۆکهۆلم، سوید.
-دێشنەر، گوینتەر،2004،کوردگەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، و: حەمەکەریم حارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.
-رۆژە، مامەند،2008،ئەرمەنۆسایدسەدەیەک لە پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن، چاپخانەی تیشک، چ1، سلێمانی.
-زادە، رەحیم شنۆی محمود،2013،ئیحسان نوری پاشا و چەند بابەتێکی دی، و:شێرکۆ محمد حویز،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
-سافراستیان، ئارشاک،2005،کوردو کوردستان، و: ئەمین شوانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ2، هەولێر.
-سجادی، عەلائەدین،2005،شۆرشەکانی کوردو وەکوردو کۆماری عێراق، و: ئەحمەد موحەمەدی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئەتاس، تاران.
-سعید، هیوا عزیز،2006،کۆمەڵەی خۆیبوون-پارتی هیوا-کۆمەڵەی ژێ کاف، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
-شەمێرانی، ئارام مەجید،2014،پەیوەندی کوردو ئەرمەن و بێتاوانی کورد لە جینۆسایدی ئەرمەن، چاپخانەی گەنج، چ1. بێ شوێنی چاپ.
-شێرکۆ، بلەج،1393،کێشەی مێژینەو ئێستای کورد، و: حەمەی حەمەباقی، انتشارات کوردستان، سنە.
-عەلی، عوسمان، 2010، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، ب1-2، و: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی ڕێ نوێ,چ1.
-عوسمان، فارس،2010،کوردو ئەرمەن پەیوەندیە مێژوویەکان، و: خالید هەرکی، چ1، هەولێر.
-عەبدوڵلا، نەجاتی، 2008،قەتلوعامی کورد لە تورکیا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

-قاسملو، عبدالرحمن،*كوردستان و كورد لێكۆڵینەوەیەكی ئابووری سیاسی*، و: عەبدوڵلا حسن زادە، چ1، هەولێر.
-کۆچێرا، کریس،2003،*کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا*، و: حەمەکەریم حارف، چاپخانەی شڤان، چ1، سلێمانی.
-لازاریف، م.س،2008،*مێژووی کوردستان*، و: وشیار عبدوڵلا سەنگاوی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
-لازاريف، م.س،2013،*كێشەی كورد 1923-1945 خەبات و سەركەوتن*، وەرگێرانی احمد محمد اسماعیل، چاپخانەی رۆژهەلات، چ1، هەولێر.
-محمود، صلاح محمد سليم،2018،*دیرۆكا كوردا یا هاڤچەرخ*، چاپخانەی هیفی، چاپا دووێ، دهۆک.
-مەكداول، دیڤید،2005،*مێژووی هاوچەرخی كورد*، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ2، هەولێر.
-هاوار، محمد رەسول،1990،*شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خواروی كوردستان*، ب1، لەندەن.
-هاوار، محمد رەسول،2006،*كوردو باكوری كوردستان لەسەرەتای مێژوو هەتا شەری دووەمی جیهانی*، ب1، بەڕیوبەرایەتی گشتی چاپ و بلاوكردنەوەو وەرگێران، چ2، هەولێر.
-هاوار، محمد رەسول،2007،*كوردو باكوری كوردستان لەسەرەتای مێژوو هەتا شەری دووەمی جیهانی*، ب3، چاپخانەی كارۆ، چ2، سلێمانی.
-وەلاشی، سديق محمد،2023،*ئیحسان نوری پاشا ژیان و رۆلی سیاسی و سەربازی 1892-1976*، بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بلاوكردنەوەی سۆران، سۆران.
-یانۆف، ئەڤیر،2004،*كورد لەجەنگی ڕووسیا لەگەڵ ئێران و توركیادا*، و: ئەفراسیاب هەورامی، سلێمانی.
-یامولکی، عبدالعزیز،1994،*كوردستان و ڕاپەرینەكانی كورد*،ئامادەكردنی صدیق صالح، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، سلێمانی.

**أ-کتێبە كوردیە بەڵگەنامەیەکان.**

-دەباغ، فەیسەل،2023، کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، چاپخانەی دانیسفەر، هەولێر.
-شمشێری،بیلال،2002،*بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە 1924-1938، شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران، ئاگری و دەرسیم*، و: سەلمان عەلی، چاپخانەی ئاسا، چ1، سلێمانی.
-عەبدوڵلا، نەجاتی،2004،*شۆرشی شێخ عوبێدوڵلای نەهری لەبەڵگەنامەكانی فەرەنسیدا 1879-1882*، لە بلاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشی ی.ن.ک، سلێمانی.
-عەبدوڵلا، نەجاتی،2010،*شۆرشی شێخ سەعیدی پیران 1925 لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی فەرەنسادا*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
-عەبدوڵلا، نەجاتی،2007،*کۆمەڵەو رێکخراوە کوردیەکان 1918-1923 لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسادا*، ب1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
-عەلی، عوسمان،2013،*كورد لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا*، و: کامەران جمال بابان زادە، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

-عەلی، سەلمان،2005،*کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا*، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

**ب- بیرەوەریەکان.**

-پاشا، ئیحسان نوری،2001،*بیرەوەریەکان*، و: وریا قانع، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ1، هەولێر.

-پاشا، قەدری جەمیل،2007،*دۆزی کوردستان بیرەوەریەکانی شەست ساڵەی خەباتی رزگاری خوازی کورد لە دیلیەتی*، و:فەیزوڵا برایم خان-بارزان وەهاب، چاپخانەی بیر، چ3، دیاربەکر.

-زازا، نورەدین، 2008، *یاداشت*، و: باست حەمە غەریب، چاپخانەی ئاراس، چ1، هەولێر.

-نوری، یەشار ئیحسان، 2013، *وەفاداری*، و: رەحیم محمدی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

**٢-سەرچاوە عەرەبیەکان.**

-أحمد، احمد محمد، 2001، *أكراد الدوله عثمانية تاريخهم الأجتماعي ولأقتصادي والسياسي*، مطبعة حجي هاشم، طبعة الاولى.

-أحمد، محمد ملا، 2000، *جمعية خويبون جمعية الاستقلال الكردية 1927-1946والعلاقات الكردية الأرمنية*، كاوا للنشر والتوزيع، طبعة الاولى، اربيل.

-حجاج، السعيد رزق، 1991، *الأكراد والأرمن في العصر الحميدي*، مطبعة الأمانية، طبعة الاولى، مصر.

-تۆفيق، هۆگر طاهر، 2012، *الكرد والمسألة الأرمنية 1877-1920*، مطبعة اراس، طبعة الاولى، اربيل.

-فتح الله، جرجيس، 2012، *يقضة الكرد تاريخ سياسي 1900-1925*، دار أراس، طبعة الاولى، اربيل.

-شريف، عبدالستار طاهر، *الجمعيات والمنضمات والأحزاب الكردية في نصف قرن 1908-1958*، طبعة الأولى، بغدا.

-رەش، كونێ، 2000، جمعية *خويبون 1927 و وقائع ثورة ارارات 1930*، مطبعة موكريان،طبعة الأولى، اربيل.

-رامبو، لوسيان، 1998، *الكورد والحق، ترجمة عزيز عبدالاحمد نباتي*، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل.

**٣-كتێبە فارسيەکان.**

-اندجانی- ساسونی، جهانگیر-کارو، 1399، *داشناک-خویبون نگاهی به هم پیمانی ارمنی هاو کردها در شورش ارارات 1307-1309*، به کوشش کاوەبیات، چاپ و صعافی پرویس دانش، چاپ اول، ابان.

**4-گۆڤارەکان.**

- البوتاني، البازي، عبدالفتاح علي يحيى-كاميران بهنان، *الحركة الكرديه في كوردستان تركيا 1918-1925*، گۆڤاری مەتین، ژمارە 85، شوباتی 1999.

- پیربال، فەرهاد، *ئەرمەن و کورد*، گۆڤاری واتا، ژ: 11 حوزەیرانی 2011، دەزگای ئاراس،هەولێر.

- حەمید، بەختیار، *شۆرش و سەرهەڵدانی باکوری وڵات 1925 بەرابەرایەتی شێخ سەعیدی پیران*، گۆڤاری k21 ، ژ: 5-6، 2009.

- شاوێسی، ئیسماعیل حەقی، *کۆمەڵەی ئیستقلال*، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ: 1 ساڵی دووەم، مارتی 1961، سلێمانی.

**resources**

**1- Kurdish sources.**

- Alakom, Rohat, 2000, Khoybun and the Ağrı Revolution, and: Shukr Mustafa, Ministry of Education Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Ahmad, Kamal Mazhar, 2001, Chand Laparayek La Mejwooy Geli Kurd, B1, Ministry of Education Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Olsen, Robert, 1999, Sheikh Saeed Piran Revolution, and: Abubakr Khoshnaw, Sardam Printing House, Semani.
- Bayat, Kawa, 2009, Kurdish Revolution in Turkey and its Impact on Iran's Foreign Relations 1928-1932, and: Mossadegh Tovi, Duhok University Printing House, Vol. 1, Duhok.
- Burozi, Mojtaba, 2005, Kurdistan Political Situation 1880-1946, edited by Naznaz Mohammed, Yousef Khazr and Soran Alipour, Ministry of Education Printing House, Erbil.
- Borkay, Kamal, 2008, Kurds and Kurdistan in the time of consolidation until the end of World War I, and: Ali Fathi, Minara Printing House, vol. 1, Erbil.
- Badrkhan, Surya, 2010, Kurdistan Problem Against Turkey, and: Ahmad Qazi, Aras Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Pirbal, Farhad, 2001, General Sharif Pasha, the first Kurdish politician who demanded an independent state for the Kurds, Sardam Printing House, vol. 1, Sulaimani.
- Piran, Fawzi Sheikh Abdul Rahimi, 2010, Shorshi Sheikh Saeedi Piran from the perspective of their family, and: Sardar Mohammed, Karo Printing House, Vol. 1, Sulaimani.
- Juyda, Wae', 2008, Kurdish Nation Movement Foundation and Development, and: Yasin Sardashti, Sima Printing House, Sulaimani.
- Jalil, Jalil and others, 2014, Kurdish revolutions in the new era, B2, and: Bahadin Jalal Mustafa, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Hamabaqi, Mohammed, 2022, Kurdish-Armenian problem, Salahaddin University Printing House, Erbil.
- Hasratian, MA, 2006, Kurdish Uprising 1925, edited by Jalal Dabagh, Ministry of Education Printing House, Vol. 2, Erbil.
- Hossami, Karimi, 1998, Kurds in the Game of Powerful States and Regional Governments, Stockholm, Sweden.
- Deschner, Günter, 2004, Kurds are a betrayed people, and: Hama Karim Harf, Ministry of Education Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Roja, Mamand, 2008, Armenocide Century of Kurdish-Armenian Relations, Tişk Printing House, Vol. 1, Sulaimani.
- Zadeh, Rahim Shinoy Mahmoud, 2013, Ihsan Nuri Pasha and several other articles, and: Sherko Mohammed Huwez, Shahab Printing House, Erbil.
- Safrastian, Arshak, 2005, Kurdu Kurdistan, and: Amin Shuani, Ministry of Education Printing House, Vol. 2, Erbil.

- Sajadi, Alaeddin, 2005, Kurdish Revolutions and the Iraqi Republic, edited by Ahmad Mohammadi, Atas Publishing House, Tehran.
- Saeed, Hiwa Aziz, 2006, Khoybun Association-Hope Party-Zhe Kaf Association, Yad Printing House, Sulaimani.
- Shamerani, Aram Majid, 2014, Kurdish-Armenian Relations and Kurdish Innocence in Armenian Genocide, Ganj Printing House, Vol. No printing space.
- Sherko, Balaj, 2014, Kurdish Ancient and Present Problems, and: Hama Hamabaqi, Kurdistan Publishing House, Sanaa.
- Ali, Osman, 2010, Some Studies about the Contemporary Kurdish Movement, B1-2, and: Kamran Jamal Babanzadeh, Re New Printing House, Vol.
- Osman, Fars, 2010, Kurdish and Armenian Historical Relations, and: Khalid Harki, Vol. 1, Erbil.
- Abdullah, Nejati, 2008, Kurdish Massacre in Turkey, Shvan Printing House, Sulaimani.
- Qasemloo, Abdulrahman, Kurdistan and Kurds: A Political Economic Study, and: Abdullah Hassanzadeh, vol. 1, Erbil.
- Kochera, Chris, 2003, Kurds in the 19th and 20th centuries, and: Hama Karim Harf, Shvan Printing House, Vol. 1, Sulaimani.
- Lazarev, MS, 2008, Kurdistan History, edited by Wishyar Abdullah Sangawi, Rojhelat Printing House, Erbil.
- Lazarev, MS, 2013, Kurdish Problem 1923-1945 Struggle and Success, translated by Ahmad Mohammed Ismail, Rojhelat Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Mahmoud, Salah Mohammed Salim, 2018, Contemporary Kurdish History, Hifi Printing House, Second Edition, Duhok.
- McDowell, David, 2005, Contemporary Kurdish History, and: Abubakr Khoshnaw, Ministry of Education Printing House, Vol. 2, Erbil.
- Hawar, Mohammed Rasul, 1990, Sheikh Mahmoud Qareman and the State of Lower Kurdistan, B1, London.
- Hawar, Mohammed Rasul, 2006, Kurds and North Kurdistan at the beginning of history until the Second World War, B1, General Directorate of Printing and Translation, Ch2, Erbil.
- Hawar, Mohammed Rasul, 2007, Kurds and North Kurdistan at the beginning of history until the Second World War, B3, Karo Printing House, Ch2, Sulaimani.
- Walashi, Sadiq Mohammed, 2023, Ihsan Nuri Pasha Life and Political and Military Role 1892-1976, Soran Media and Publishing Directorate, Soran.
- Yanov, April, 2004, Kurds in the Russian War with Iran and Turkey, and: Afrasiab Hawrami, Sulaimani.
- Yamulki, Abdulaziz, 1994, Kurdistan and Kurdish Uprisings, prepared by Siddiq Saleh, Sardam Publishing House, Vol. 1, Sulaimani.
A - Kurdish Documentary Books.
- Dabagh, Faisal, 2023, Kurds in British Documents, Dennisfer Printing House, Erbil.
- Shamshiri, Bilal, 2002, British Documents on the Kurdish Problem in Turkey 1924-1938, Revolutions of Sheikh Saeed al-Piran, Ağrı and Dersim, edited by Salman Ali, Asa Printing House, Vol. 1, Sulaimani.

- Abdullah, Najaty, 2004, Sheikh Obeidullah Nahri's Revolution in French Documents 1879-1882, published by the PUK Thought Bureau, Sulaimani.
- Abdullah, Najaty, 2010, Sheikh Saeed Piran Revolution 1925 in Secret Documents of France, Haji Hashim Printing House, Erbil.
- Abdullah, Najaty, 2007, Kurdish Associations and Organizations 1918-1923 in Documents of the British and French Foreign Ministries, B1, Shvan Printing House, Sulaimani.
- Ali, Osman, 2013, Kurds in British Documents, edited by Kamran Jamal Babanzadeh, Rojhelat Printing House, Erbil.
-Ali, Salman, 2005, Iraqi Kurdistan in British Foreign Office Documents, Shvan Printing House, Sulaimani.

**b) Memories.**

- Pasha, Ihsan Nuri, 2001, Memoirs, and: Warya Qane, Ministry of Education Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Pasha, Qadri Jamil, 2007, Kurdistan Case, Memories of Sixty Years of Kurdish Liberation Struggle in Captivity, and: Faizullah Braim Khan-Barzan Wahab, Bir Printing House, Vol. 3, Diyarbakır.
- Zaza, Nureddin, 2008, Yadasht, w: Bast Hama Gharib, Aras Printing House, Vol. 1, Erbil.
- Nuri, Yashar Ehsan, 2013, Wafadari, and: Rahim Mohammadi, Shvan Printing House, Sulaimani.

**2- Arabic sources.**

- Ahmed, Ahmed Mohammed, 2001, The Ottoman Kurds: Their Social, Economic and Political History, Haji Hashim Printing House, First Edition.
- Ahmad, Mohammed Mullah, 2000, Kurdish Independence Society 1927-1946 and Armenian Kurdish Relations, Kawa Publishing and Distribution, First Edition, Erbil.
- Hajjaj, Saeed Rizq, 1991, Kurds and Armenians in the Hamidi era, Al-Amani Printing House, first edition, Egypt.
- Tofiq, Hogar Tahir, 2012, Kurds and the Armenian Issue 1877-1920, Aras Printing House, First Edition, Erbil.
- Fathullah, Jarjis, 2012, Kurdish Political History 1900-1925, Dar Aras, First Edition, Erbil.
- Sharif, Abdul Satar Tahir, Kurdish Societies, Organizations and Parties in the Half of the Century 1908-1958, First Edition, Baghdad.
- Rash, Kune, 2000, Khoybun Society 1927 and Ararat Revolution Events 1930, Mukriyan Printing House, first edition, Erbil.
- Rambo, Lucian, 1998, Kurds and the Truth, translated by Aziz Abdul Ahmad Nabati, Ministry of Culture Printing House, Erbil.

**3- Persian books.**

- Andjani-Sasuni, Jahangir-Karo, 2010, Dashnak-Khoibun Ngahi Be Ham Pemani Armeni Haw Kurdha Dar Shorsh Ararat 1309-1307, Be Kushsh Kavabiyat, Chap o Sa'afi Prous Danesh, Chapter 1, Aban.

**4- Magazines.**

- Al-Butani, Al-Bazi, Abdul Fattah Ali Yahya-Kamiran Bahnan, Kurdish Movement in Kurdistan Turkey 1918-1925, Matin Magazine, No. 85, February
- Pirbal, Farhad, Armenian and Kurd, Wata Magazine, No. 11 June 2011, Aras Publishing House, Erbil.
- Hamid, Bakhtiar, Shorsh u Sarhaldani Bakuri Welat 1925 Barabarayat Sheikh Saeedi Piran, Govari 21k, No. 5-6,
- Shawesi, Ismail Haqi, Komala-e-Istiqlal, Roji Nuw Magazine, No. 1, Second Year, March 1961, Sulaimani.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢